## قوتابخانەی عەشایەر لە ئەستەنبوڵ

**پێشەکی :** سوڵتانەکانی عوسمانی بەردەوام پشتگیری خوێندن و خوێندەوارییان کردوەو لە هەوڵی بەرەوپێشبردنیدا بوون. چونکە قوتابخانە کارمەندی بۆ دەوڵەت دابیندەکرد، لەگەڵ دەرکەوتنیان یەکەم قوتابخانەیان لە ساڵی ١٣٢٧ لە شاری (ئیزمید) هەڵکەوتە لە ڕۆژهەڵاتی ئەستەمبوڵ بوونیاد ناوە.

لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و بە فەرمانێکی شاهانە سوڵتان عبدالحمدی دووەم قوتابخانەی عەشایەری بە ڕووی سەرەک هۆز و خێڵەکانی عارەب، ئەلبانی و کورددا کردەوە، مەبەست لە کردنەوەی قوتابخانەکە نیشتەجێکردنی هۆزەکان و بەشداریکردنیان بووە لە بەرهەمهێناندا، هاوکات تێکەڵاوکردنی هۆزەکان بووە بە دنیای مۆدێرن لە ڕێگای پەروەردەوە، چونکە سوڵتان لە مەترسی هۆزەکان گەیشتیبوو، هەوڵیدەدا لە ڕێگای خوێندەواری و وەزیفەوە پشتگیری و خۆشەویستی هۆزەکان بەدەستبهێنێت، بەشێکی خوێندەوارانی کوردیش لە ڕابردوودا سوودیان لەوەدەرفەتە وەرگرتووە، دواتر ڕۆڵیان لە بواری سەربازی و مەدەنییدا بینیوە.

توێژینەوەکەی مێژوناسی ئەمریکایی (Eugene. L. Rogan) مێژوونووس، مامۆستای زانکۆ و شارەزا لە مێژووی هاوچەرخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بایەخێکی تایبەتی هەیە، چونکە توێژینەوەکەی یۆجین بە یەکێک لە توێژینەوە دیارەکان لە سەر عوسمانێکان دێتە ئەژمار، سەرچاوەی توێژینەوەکە ئەرشیفی سەرەک وەزیرانی عوسمانی، ساڵنامەی تورکی و سەرچاوە و توێژینەوەی جۆراوجۆریترە. توێژینەوەکە وردەکاری زۆر لایەنی بابەتەکەی پیشانداوەک وەک ئامانج لە کردنەوەی قوتابخانەکە، ژمارەی خوێندکاران و شێوازی خوێندن و وانەکانی خوێندن، شێوەی وەرگرتنی خوێندکار و شوێنی مانەوەیان و ... هتد.

یەکێک لەو لایەنانە لە قوتابخانەی عەشایەردا گرنگی پێدراوە خوێندنی زمانە، خوێندکار سەرباری زمانەکانی تورکی، فارسی و عەرەبی، زمانی فەرەنسیان خوێندوە، چونکە ئەو ڕۆژگارە فەرەنسا قیبلەگای خوێندەوارانی دنیابووە زمانی سەردەستەی خوێندەوارانبووە. باوەڕدەکەم تا ئەمڕۆ نەمتوانیوە بە تەواوی دەستبەرداری شێوازی خوێندن و پەروەردەی ئەو ڕۆژگارەبین. بە هیوام بەم چەند دێرە لاپەڕەیەکی مێژووی پەروەردەی ئەو ڕۆژگارەمان پیشانی خوێنەران دابێت و بتوانن بۆ داهاتوودا کەڵکی لێوەربگرن.

## سوڵتان عبدالحمیدو قوتابخانەی عەشایەر

سوڵتان عبدالحمیدی دووەم (١٨٧٦- ١٩٠٩) لە ئەستەمبوڵ بە فەرمانێکی شاهانە لە تشرینی یەکەمی ساڵی ١٨٩٢ قوتابخانەی سوڵتانییەی بۆ کوڕوکاڵی سەرەک هۆزەکان کردەوە ، مەبەست لە مکارە دابینکردنی پەروەردەی عوسمانی بوو بۆ کوڕوکاڵی گەورە پیاوانی عەشایەر. لەو خوێندنگەیەدا هاوشێوەی قوتابخانەکانی ناوخۆ ماوەی خوێندن پێنج ساڵ بوو، ڕێگە دەدرا بەو مێردمندالانەی تەمەنیان لە نێوان (١٢ بۆ ١٤) ساڵیدابوو لەو خوێندنگەیەدا ناونووسبکرێن، ئەم کارە بە خێرایی و بەشێوەیەک ڕاڤە کرا بەشێکە لە سیاسەتی پاونخوازانەی سوڵتان بۆ تێکلاوکردنی ولایەتە عەرەب نشینەکان و نزیکردنەوەیان لە سیاسەتی مەرکەزی سوڵتان، کارەکە زیاتر پەلی هاویشت و سنووری هەرێمە عەرەبیکانی تێپەڕاند تا گەیشتە سەربازگیری کوردەکان لە ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ. کارەکە پلانێکی کۆمەلایەتی بوو بەمەبەستی پشتگیری هەرێمەکانی عوسمانی لەدەوری ناوەندێکی بەهێز لە بری دابەشکردنیان بەسەر بەشی دوورو دابڕاوی عەشایەریدا، پێشتر کوڕوکاڵی گەورەپیاوانی کۆمەڵگا لە ئەستەمبوڵ خوێندبوویان و بەشی خۆیان لە دامەزراوەکانی عوسمانیدا بە دەستهێنابوو، دواتر پشتگیری

حکوومەتی عوسمانیان دەکرد، بۆیە ئامانجی سوڵتان و ڕاوێژکارانی لە دروستکردنی کۆمەڵێکدا گیرسابووەوە کە بتوانن نوێنەرایەتی نێوان عەشیرەتەکان و دەوڵەت بکەن، ئەم ئەزموونە بۆ ماوەی (١٤) ساڵ درێژەی کێشا تا لە ساڵی ١٩٠٧ قوتابخانەکە داخرا. هەتا ئەو ڕۆژگارە دەرچووانی ئەو قوتابخانەیە بەکۆمەڵ لە هەردوو بواری سەربازی مەدەنییدا خوێندنی باڵایان دەخوێندو لە هەرێمەکان پۆستی حکوومیان بەڕێوەدەبرد، سیستمی پەروەردەی عەشایەری یەکێک بوو لە دەست پێشخەرێکانی دەوڵەتی عوسمانی بەمەبەستی تێکلاوکردنی کۆمەڵگای عەشایەر لە ژیانی سیاسی دەوڵەتدا.

گرنگیدانی دەوڵەت بەهاوڵاتیانی (ڕەعیەت) ی کورد و عارەب لەم قۆناغەدا گەیشتە ترۆپک، هۆکارەکە قوڵبوونەوەی تەنگژەی بەلقان و پەیمانی بەرلین (١٨٧٥- ١٨٧٨) بوو، هاوکات لە دەستدانی نزیکەی پێنج یەکی زەوی و پێنج یەکی دانیشتووانی ئیمبراتۆریاکە بوو. سوڵتان بەڕوونی لە مەودای ئەو مەترسیانە گەیشتبوو کە بزوتنەوەی جوداخوازەکان لە سەر بەردەوامی دەوڵەتەکەی هەیانبوو. بۆیە دەوڵەت تێدەکۆشا لە ڕێگای سەپاندنی پێناسەوە بەر لە جیابوونەوەی بزوتنەوە جوداخوازەکان بگرێت. خواستی وڵات پەروەری عوسمانی لە چەمکی (تەنزیمات) ەوە وەرگیرابوو، یان ئەوی بە عوسمانیزم ناسرابوو. پڕوپاگەندەی کۆمەڵگای ئیسلامی هۆکارێک بوو بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەو جۆرە پێناسە، لەگەڵ ئەوەشدا ئایدۆلۆجیا جیاوازەکان ئەوانەی دەسەڵاتی نیشتمانیان تێدەپەڕاند جێگای بایەخی ڕۆڵەکانی عەشایەرو هۆزەکان نەبوون، ئەوان وایان دەبینی پێکهاتەی کۆمەڵگاکانیان ناچێتە ژێر ئەو ڕێزبەندانەوە و زۆر دوورن لەو پێناسە، ئەزموونی قوتابخانەی عەشایەر ئامرازێک بوو دەوڵەت مەبەستی بوو ئەو پێناسانە تێپەڕێنێت و دەسەڵاتی عوسمانیزم بسەپێنێت. یاخود هاوخوێنی ئیسلامی لە کۆمەڵگا پەراوێز خراوەکانی هەرێمەکانی عوسمانی و ئەنادوڵدا بسەپێنیت. ئەم ئاریشەیە گرنگیەکی تایبەتی هەبوو، چونکە لە قۆناغێکی مێژوویدا ڕەهەندێکی دیکەی وەرگرت ئەویش بەئاگا هاتنەوەی عەرەب بوو لە سەرەتای سەدەی ڕابردوودا، سەرباری ڕۆڵی پیاوانی عەرەب لە شۆڕشی عەرەبی لە کاتی جەنگی جیهانی یەکەمدا.

## تێڕوانینی عوسمانێکان بەرانبەر عەشایەر

تێڕوانینی عوسمانێکان لە بەرانبەر عەشایەردا لە گومانی قوڵدا ڕەنگرێژ بوو بوو، کارمەندانی پایەتەخت و هەرێمەکان جۆرەها ناو ناتۆرەیان لە هۆزەکان دەنا و بەکاریان دەهێنا، بەشێوەیەک تێیان دەڕوانین ئەوان لەنەفامیدا ڕۆچوون و خاوەن ڕەفتاری هەمەجی و دوور لە شارستانین، دەستەواژەی نەفام گوزارشت بوو لە ڕەخنەگرتن لە کولتووری ئەو ڕۆژەگارە هاوکات بەشێوەیەکی شاراوە وەک توانجێک بەرانبەر سروتە ئاینێکان بەکاردەهات، دەستەواژەی کێوی ئاماژە بوو بۆ دواکەوتووی شارەستانییەتی کۆمەڵگا کۆچەرێکان، بەپێچەوانەی ئەو ڕەخنانە کاری لەپێشینە لەو ڕۆژگارەدا ڕۆڵی ئاین و جەختکردنەوە بوو لەسەر ڕۆڵی ئاینی خەلیفە و چاکسازی ئاینی کە خەلیفە کاری لەسەر دەکرد، ناوەندێتی دەوڵەت دیارترین ئەو چاکسازییە نوێگەریانە بوو خەلیفە جەختی لەسەر دەکردەوە، هۆزە کۆچەرێکان لە ڕێگای خوێنەوە ئاستەنگیان لە بەردەم ناوەندێتی دەوڵەتدا پێکدەهێنا، کۆمەڵگا کۆچەرێکان نەیاندەتوانی بچنە ناو بازنەی داواکارێکانی دەوڵەتەوە کە خۆی لە پێدانی باج و خزمەتی سەربازیدا دەبینیەوە، لەگەڵ ئەوەشدا بەڵگەنامە هاوچەرخەکانی عوسمانی بە ئاشکرا دەریدەخەن دەوڵەت بەشێوەیەک لە هۆزەکانی دەنواڕی بەخۆدزینەوەیان لەباج مەترسییەکی کاریگەرن لەسەر خۆشگوزەرانی

ئابووری، لەڕاپۆرتەکاندا زۆرجار بەتالانچی ناودەبران، لە ڕاستییدا هۆزەکان لە سێ ڕێگاوە بارگرانیان بۆ خەزێنەی دەوڵەت دروستدەکرد.

یەکەم: دەستکورتی بەرهەمهێنەران لە پێدانی باج بە هۆی هەڵکوتانە سەر جوتیاران و دانیشتوانی شارۆچکەکان .

دووەم: پاشەکشەی بەرهەمی ئابووری بەهۆی کەمبوونەوەی ڕووبەری زەوی چێنراو سەرباری ئاستەنگی بازرگانی .

سێیەم: زۆری تێچوونی هێزی ئاشتی پارێز کە ڕێگری ئەو هێرشانەی لە ئەستۆبوو، لەکاتێکدا ئەوان تەنها ناو بەناو لە کارەکەیاندا سەرکەوتوو بوون.
تالانی هۆکاری زڕاندنی ناو و ناوبانگی هۆزەکان بوو، ئەو کارە مەشخەڵێکیتری دەشاردەوە کە لەو چوارچێوەیەدا هۆزەکان هۆکاری مەترسی ڕاستەقینەبوون بۆ سەر دەسەڵاتی حکوومەتی ناوەندی لە بواری رامیاری و ئابووریدا، گەورەهۆزەکان چەک و ئەسپی ئامادەیان هەبوو دەیاتوانی لەو ڕێگایەوە باج نەدەن، بە زمانی ناوچەیی بەکارەکەیان دەگوترا (برایەتی)، هێزەکانی عوسمانی نەیان دەتوانی بەرگریان لێبەکەن، چونکە هۆز هاوشێوەی ڕێکخراوێکی ڕامیاری و کۆمەڵایەتی بوو دەیتوانی کۆمەڵگا بۆ پشتگیری (ولاء) پێویست کۆبکاتەوە، واتە گشت ئەو تایبەتمەندییانەی دەوڵەتی عوسمانی بانگەشەی دەکرد، عەشیرەتەکان لەو بوارەدا پێشی دەوڵەت کەوتبوون، عوسمانێکان هەردوو چەمکی عەشیرەت و هۆزیان بۆ ئەو کۆمەڵگا نیشتەجێیانەی وەک کورد، دروز، یەزیدی و یەمەنی بەکاردەهێنا.
عوسمانێکان بەر لەر هەر شتێک لە ڕێگای نیشتە جێبوونەوە کاریان بۆ گۆڕینی سروشتی هۆزەکان دەکرد و هانیان دەدان لە جیاتی داچۆڕانی خەزێنەی دەوڵەت بەشداربن لە داهاتدا، لە ڕێگای نیشتەجێبوونی زۆرە ملێوە هەوڵە سەرەتاییەکانی عوسمانی توانی ئامانجەکانی بەدیدبهێنێت، لە سایەی دەسەڵاتی (عبدالحمیدی دووەم)دا ئەنجامی جیاوازی بەدیهێنا، عوسمانێکان کاریان بە گوێرەی پشتگیری (الولاء) بەڕێوەدەبرد، لە هەوڵی پشتگیری تەواو بۆ سەڵتەنە لەوانەیە تێڕوانیی ڕۆڵەکانی عەشیرەت گۆڕانکاری بەسەردا بێت، لەم ڕێگایەوە پێویستە بیر لە دروستکردنی کردنی خوێندنگەی عەشایەر بکرێتەوە، شایەد کارەکە پشتگیری عەشایەر بۆ بەرژەوەندی دەوڵەت بە دیبهێنێت. لێرەدا دوو نموونە بۆ پشتڕاستکردنەوەی بۆچونەکەمان دەخەینە ڕوو.
ساڵی ١٨٩٦ لە هەرێمە پەراوێزخراوەکانی وەک یەمەن، حیجاز و تەرابولسی ڕۆژئاوا، (٤٨) خوێندکار بە مەبەستی خوێندن ڕەوانەی ئەکادیمیای سەربازی کران، دوای سێ ساڵ خوێندنیان تەواوکرد و ئەرکیان ڕادەستکرا، بەرلەوەی بگەڕێنەوە وڵاتەکانیان دوای نوێژی هەینی سوڵتان چاوی بە بەشێک لەو ئەفسەرانە کەوت، سوڵتان لە ڕێگای لە سکرتێرەکەیەوە پەیامێکی بەگوێچکەی ئەوسەربازانەدا خوێند کرۆکی وتارەکە جەختکردنەوە بوو لەسەر گەڕانەوە بۆ وڵاتەکانیان و وڵاتپارێزی بوو، داوا لەو سەربازانە کرابوو بە خۆشەویستی و ئاکارەوە مامەڵەبکەن، سوڵتان گووتی : کاتێک ئێوە لە وڵاتی یاخود لە نێو هۆزەکانتاندان زۆرن ئەو مندالانەی ئاواتەخوازن هاوشێوەی ئێوە دەربکەون، لەم پێناوەشدا هەر ئەفسەرێکی پلەدوو نیشانە (مەدالیا)، جلووبەرگی فەخری (یاوز فەخری) پێدان، لەم نمایشەدا ئەمکارەی سوڵتان بەمەبەستی بەهێزکردنی خۆشەویستی و پشتگیری سوڵتان بووە .

لە سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا، پەرلەمانی دەوڵەتی عوسمانی پێشنیارێکی کرد ئەویش دەستپێشخەریەکی نوێبوو بۆ نیشتەجێکردنی سارانشینان لە چوارچێوەی هەرێمە عارەبیکاندا، یەکێک لە

نەخشەڕێژەرانی ئەم پلانە عبدالله پاشای ئال سعود پاشای نەجد و ئەندام پەلەرمانی دەوڵەت بوو، نێوەندگیری لە نێوان حکوومەت و هۆزەکاندا کرد، ئامانجی ئەم دەستپێشخەرییە ڕاکێشانی گەورە پیاوانی عەرەب بوو بۆ ئەستانە، لە ڕێگای ئەو دەستپێشخەرییەوە نیشانەو نازناویان بە سەردا دابەشدەکرا بە هیوای ئەوەی هۆزەکانیان نیشتە جێبکەن، لەم پێناوەدا والی دیمەشق هانی (شێخ سەتام شەعلان) یدا کە شێخێکی گەورەی هۆزی (ڕۆلە ) بوو، عەشیرەتی ناوبراو یەکێک بوون لە گەورە هۆزەکانی یەکێتی عەشیرەتی (عەنزە)، لەو ڕۆژگارەدا ژمارەی دەوارەکانیان بە (١٠٠٠٠) دەوار حساب دەکرا، ساڵانە لە نێوان باشوری سوریا و عێراقدا گەرمیان وکوێستانیان دەکرد، ئەو باجەی لە پاوان و وڵاخیان وەردەگیرا ساڵانە بە (٥٠٠٠٠) قورش مەزەندە دەکرا، لە ڕوانگەی ستراتیژی و ئابووریەوە عەشیرەتی (ڕۆلە) پێشەنگی سیاسەتی نیشتەجێکردن بووە.

شێخ سەتام لە تەک کۆمەڵێک کەسانی خانەوادەکەیدا گەیشتە ئەستانە، هاوکات پابەندبوونی خۆی دوپاتکردەوە بە دەستبەرداربوونی لە شێوە ژیانی باپیرانی و نیشتەجیکردنی عەشیرەتەکەی لە ڕێگای کشتوکاڵەوە، ئەم زانیاریانە دواتر قونسڵی فەرەنسا لە دیمەشق یادداشتی کردوون. وەک ڕێزێک لە هەڵویستی شێخ و پابەندبوونی بە داواکاریکانی دەوڵەتەوە حکوومەتیش پلەی میری میرانی بە شێخ بەخشی، هاوکات نیشانەی پلە دووی مەجیدیان پێبەخشی، کوڕە مام (زاوا) ەکەی، و سامی حەمیدی پلە سێیان پێبەخشی، شێخ محەمەد پلە چواری هەمان مەدالیان کرد بە بەرۆکیدا.

وەکچۆن دەسەڵاتدارانی عوسمانی ئاواتە خوازبوون مەدالیا ببەخشێنەوە بەسەر سەرۆک هۆزەکانیتردا، شێخەکانیشی هاندا شوێن پای شێخ سەتام هەڵبگرن، پاشان قونسولی فەرەنسایی لە دیمەشق دەنووسێت چۆن پێشوازی شێخ سەتام کاریگەری لە سەر شێخەکانی دروز و سارانشینان داناوە، ئەوان چۆن لە (عبدالله پاشا) ی ئال سعود چونەتە پێشەوە بە هیوای بانگهێشتکردنیان بۆ ئەستانە، لە بەڵگەنامەکانی عوسمانیدا نموونەی ئەم خۆبردنە پێشەوانە دەبینرێت بە تایبەت لە لایەن پیاوانی هۆزەکان، بە تایبەت هۆزەکانی نەجد، موسڵ، حۆران، جبل دروز و ڕۆژهەڵاتی ئوردن.
شایەد ئەم نێوەندگیرییە بریکاری تازەی حکوومەتی عوسمانی دەمووەدەستیان تیادا وەردابێت، بەڵام ڕۆڵێکی کەمی گێراوە لە بەرانبەر ئارەزووی ئەو کەسانەی ئاواتە خوازبوون لە ئاستێکی بەرفراواندا هۆزەکان نیشتەجێبکەن . هەردوو ئەزموونەکە بە ئاشکرا گرنگی قوتابخانەی عەشایەری دەردەخات، هەندێک لەو مێردمنداڵانە ساڵی (١٨٩٦) لە ئەکادیمیای جەنگ خرانە بەر خوێندن، بە شێوەیەکی باش ئامادە نەکران و تەنانەت هەندێک لەوانەکان خرانە لاوە.
شێخ سەتام وەک پشتگیریەک بەرانبەر بە دەوڵەت یەکێک لە کوڕەکانی لە ئەستانە بۆ خوێندن بە جێهێشت. پەروەردەو فێرکردن پێکەوە دەتوانن دڵ و ئاوەزی مێردمنداڵانی هۆزەکان ڕابکێشن، پیاوانی بەتەمەنی هۆز بۆ ئەوەی فێری پشتگیری و خۆشەویستی دەوڵەت بکرێن و دەوڵەت بتوانێت دەستکەوتی گەورە لە ڕێگای نەوەکانیانەوە بە دەست بهێنێت، مێردمنداڵان پێویستیان بە قوتابخانەیە تاوەکو دواتر بۆ ئەکادیمیای مەدەنی و جەنگی ئامادەبکرێن، لە حوزەیرانی ساڵی (١٨٩٢) بۆ یەکەمجار بیرۆکەی دروستکردنی قوتابخانەی عەشایەر خرایە بەرچاو.

## دروستکردنی قوتابخانەی عەشایەر

**پێکهێنانی دامەزراوەیەک لە ئەستەنبوڵ**

بەشێوەیەکی گشتی گەڵاڵەکردنی بیرۆکەی قوتابخانەی عەشایەر دەدرێتە پاڵ عبدالحمیدی دووەم، بەڵگەنامەکان دەریدەخەن سوڵتان بۆخۆی گرنگی بەمکارە داوە، لە ڕووی ڕێکخستنەوە سوڵتان بە (چاودێری قوتابخانە) و ( بەڕێوەبەری فەخری) ناوبراوە، بەشی گەورەی بەڵگەنامەکان ئاراستەی کۆشکی (یەڵدز) کراوە. کە پەیوەستن بە کاری ڕۆژانەی قوتابخانەکەوە، مەبەست لە دەستێوەردانی سوڵتانە لەو کارە، سوڵتان یەکێک لە کەسە نزیکەکانی خۆی (عوسمان نوری پاشا) ی ڕاسپارد یادداشتێک بنووسێت و بیرۆکەی قوتابخانەی عەشایەری تیادا گەڵاڵە بکات، لە ١٢/حوزەیران/١٨٩٢ بیرۆکەکە پێشنیار کراو لە ٦/تەموز سەدری ئەعزەم (سەرەک وەزیران) ڕاسپێردرا پێداویستێکانی کردنەوەی قوتابخانەکە لە ئەستۆ بگرێت، پەیام ئاراستەی دەسەڵاتدارنی هەرێمەکان کرا کە خوێندکار بۆ ئەو خوێندگەیە ناونووسبکەن، دواتر ڕەشنووسی پلان و پەیڕەوی کارەکە دیاریکرا، سەرباری دیاریکردنی شوێنی گونجاو بۆ بونیادنانی قوتابخانەکە، کۆشکی سوڵتان مەبەستیبوو ڕۆژی کردنەوەی قوتابخانەکە هاوکاتی ڕۆژی لە دایکبوونی پەیامبەری موسڵمانان موحەمەد (درودی خودای لێبێت) بێ کە هاوکاتی ١٢/ ڕەبیعی یەکەم / ١٣١٠ بەرانبەر ٤/ تشرینی یەکەم١٨٩٢بوو، ڕۆژی کردنەوەی قوتابخانە بە مانشێتی ڕۆژنامەکان ڕووپۆشکرا.

بنەمای کۆمەڵێک سیستم دارێژرا، لە کۆی پێنج ساڵی خوێندن پێرەوی دوو ساڵی سەرەتا دیاریکرا، لە کۆتایی مانگی تەموزدا ئەنجوومەنی وەزیران پرۆژەکەی پەسەند کرد، کۆشکێکی چۆڵ (ئەسما سوڵتان) لە ئەستانە وەک بنکەی سەرەکی قوتابخانەکە دیاریکرا، هاوکات پێنج خانووی تەنیشتی کۆشکەکە وەک بەشی ناوخۆی بۆ خوێندکاران دەسنیشانکران، بە پۆست سەرۆکی هەرێمەکانی حەلەب، زور و قودس لە سوریا، بەغداد، بەسرەو موسڵ لەعێراق، تەرابلسی ڕۆژئاوا و بەنغازی لە لیبیا، یەمەن و حیجاز لە دوورگەی عەرەبی، دیاربەکر لە ئەنادۆڵ ئاگادار کرانەوە لە چۆنێتی مامەڵە کردن لەتەک ئەو قوتابخانەیەدا کە بڕیاری لەسەر درابوو.

لە میانەی پەیڕەوی خوێندنگەی عەشایەرەوە تێدەگەین قوتابخانەکە خوێندنگەیەکی ناوخۆیی بووە بۆ پێگەیاندنی ڕۆڵەکانی هۆزە عەرەبەکان، لە قۆناغی دووەمدا کارەکە فراوان بوو کورد و دواتر ئەلبانێکانیشی گرتەوە، ساڵی یەکەم (٥٠) خوێندکار وەرگیران کە تەمەنیان لە نێوان ( ١٢-بۆ١٤) ساڵاندابوو، ساڵی دواتر (٤٠) قوتابی، کۆی گشتی خوێندکارەکان (٢١٠) خوێندکاری تێنەپەڕاند، ئەوانەی بە دوادا چوونیان بۆ کاری خوێندنگەکە کردووە دەڵێن : بۆ هەر پولێک بە ڕێژەی (٢٠%) بە هۆکاری جۆراوجۆر خوێندکاران کەمیکردووە، هەموو خەرجی قوتابخانەکە حکوومەت لە ئەستۆی گرتووە، هەر خوێندکارێکیش مانگانە (٣٠) قورشی وەک مووچە بۆ دیاریکراوە و وەریانگرتووە .

سەرکار (بەڕێوەبەر)ی قوتابخانەکە سەرپەرشتی کارەکانیکردووە و سکرتێر (نووسەر)ێک یارمەتیدەری بووە، سەرباری دیاریکردن و ئامادەکردنی مامۆستایان و کادری گونجاو بەشێوەیەک خوێندنگەکە لەتەک قوتابخانەی ئامادەییدا بگونجێت، هەموو کارەکانی پەیوەست بە دامەزراندن و دورخستنەوەی مامۆستایان و بەرپرسان، هەروەها دیاریکردنی پەیڕەو و دەقی دیاریکراو بۆ خوێندن وەزارەتی مەعاریف سەرپەرشتی کردووە، سەرباری ئەوکارە کارگێڕی قوتابخانەکە ڕاستەوخۆ لە ژێر سەرپەرشتی سوڵتاندا بووە. هەردوو مادەی (٩و ١٠) ی تەنزیمات وەک ددانپیادانانێکی قانوونی بوون لە مەڕ دیاریکردنی ئامانجەکانی قوتابخانەکە، هەردوو مادەکە پەرچەکرداری شاراوەی بەرنامەی پشتگیری پیاوانی هۆزەکان بوون بۆ دەوڵەت لە ڕێگای گتووبێژەوە، لێرەدا بە کورتی بەشێکی وەردەگرین و یادداشتی دەکەین.

ئامانجی بنەرەتی لە دروستکردنی قوتابخانەی عەشایەر بریتیبوو لە پێگەیاندنی توانای کوڕوکاڵی هۆزەکان، ئەوکارەش بەمەبەشتی بەشداریکردنیان بووە لە بوژانەوەی زانین و ڕۆشنبیریدا، هەروەها پیشاندانی خۆشەویستیان بەرانبەر بە خەلافەت و سوڵتانی عوسمانی، سەرباری بەهێزکردنی پشتگیریان بەرانبەر بە دەوڵەت کە خۆی لە شەریعەتی ئیسلام و قانوونەکانی دەوڵەتدا دەبینیەوە. خوێندکاران کاتێک خوێندنیان تەواودەکردو بڕوانامەیان وەردەگرت، دواتر دەگەڕانەوە بۆ ناو هۆزەکانیان، ئەوکات لەو قوتابخانانە وەک مامۆستا دەست بەکاردەبوون کە پێداگربوون لە سەر کردنەوەیان، یاخود هەندێک لەو خزمەتگوزاریە گونجاوانەیان بۆ هۆزەکانیان دابیندەکرد کە حکوومەت سەرپەرشتی دەکرد، سەرکەوتن و شکستی ئەو خوێندگایە پەیوەست بوو بە دەستنیشانکردنی خوێندکاری گونجاو لە لایەن دەسەڵاتدارانی هەرێمەکانەوە.

**دەستنیشانکردنی خوێندکار لە لایەن هەرێمەکانەوە**

قوتابخانەی عەشایەر دامەزراوەیەکی خێرخواز نەبوو تا کوڕوکاڵی چینە پەراوێز خراوەکان لە خۆبگرێت و فێریان بکات، بەڵکو ئامرازێکی ڕامیاری بووە بەمەبەستی پشتگیری هۆزەکان لە حکوومەت دامەزراوە، ئەم گریمانە پێشنیارکراوە لە نامەی دەسەلاتدارانی هەرێمەکاندا ڕەنگرێژبوو بوو، کاتێک ئاماژەیان کردبوو پیاوانی هۆزەکان لە پشتگیریکردنی حکوومەتدا شوێنکەوتەی گەورەپیاوانی هۆزەکانیانن، ئەو پێوانانەی بۆ دیاریکردنی خوێندکاران دیاریکرابوون بە ئاشکرا لە مادەی (٤)دا ڕەنگیدابۆوە، بە ئاشکرا ئاماژەی کردبوو تەنها منداڵی ئەو خانەوادانە وەردەگیرێن کە گەورەماڵ و ڕێزلێگیراون، دیاریکردنی ئەم ڕێنمایانە لە نوسراوی کارمەندی هەرێمەکاندا ڕەنگیدابۆوە، لە مبارەیەوە پلەدارێک لە سوپای شەشی عوسمانی نوسیبووی: بنەچەی سەعدونییە، لە دێر زەمانەوە گەورەپیاوانی هۆزبوون، چون خانەوادەن و خاوەنی ڕیزێکی زۆرن.

بەڵام لێرەو لەوێ جیاوازییەکی زۆر لە نێوان گوفتارو واقیع و ئەو نوسراوانەی لە هەرێمەکانەوە دەهاتن هەبوو، ڕاپۆرتەکان بەمشێوەیە باسیان لە شێوازی وەرگرتنی باو دەکرد کاتێک بەرپرسانی عوسمانی دێهاتەکان دەگەڕان و هەواڵی کردنەوەی قوتابخانەیان دەدا بە گوێچکەی هۆزەکاندا ئەوانیش هەلهەلەیان لە پای بەخشندەیی سوڵتاندا لێدەدا و چۆن ڕکاربەریان دەکرد لە پێناو ئەوەی نەوەکانیان پێشەنگی خوێندکارانبن لە قوتابخانەی ناوبراودا، وەزیری ناوخۆ بە شێوەیەکی کورت و پوخت ئاماژەی بۆ ئەم ڕاستیانە کردبوو

وەک لە خشتەی ژمارە (١) دا دەردەکەوێت، دەریدەخات زۆرێک لە بەرپرسە ناوچەیەکان کەم توانابوون لە قەناعەت پێکردنی خوێندکاراندا، کوڕوکاڵی هۆزە گەورەکان بووبن یاخود تیرەو بنەماڵە ناودارەکان، لەتەک ئەو کارەشدا ڕیزپەڕی بە ئاشکرا دیاربوو، چونکە لە زۆر بارودۆخدا لە بەردەم بەرپرساندا ئاستەنگ دروستدەبوون لە باوەڕ پێهێنانی دەستە بژێرە عەشایەرەکاندا بەمەبەستی ناردنی ڕۆڵەکانیان بۆ ئەستەمبوڵ بۆ خوێندن.

خشتەی ژمارەی(١) یەکەم ٨٦ خوێندکار

| ژمارەی ناساندنی قوتابخانە | ناو | ناوی باوک | هۆز | هەرێم |
|---|---|---|---|---|
| لیبیا-هەرێمی تەرابلسی غەرب | | | | |
| ٩ | خلیل | شێخ مفتاخ | زنتان | - |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ١٠ (أ) | حاجى عبدالسلام | - | - | - |
| ١١ | حسين حسنى | جابر | ورشفانه | - |
| ١٢ | حافظ على | عبدالقادر | طوالب | خمس |
| 66 | خضر | سالم النجف | حواوته | خمس |
| 67 | محمد | مصطفى | زمامة | - |
| 68 | سليمان | عزت | عوسجة | - |
| 69 | محمد | حمزة | عوسجة | - |
| 8٠ | مختار | أبوبكر | مسلاتة | قصبة |
| سنجق بنغازى | | | | |
| 40 | علي نورالدين | حامد | عبيدات | دارنا |
| 41 | حسن نوري | حاجي محمد كوبرى | براعات | - |
| 42 (د) | عبدالجليل | عثمان | براعات | - |
| 43 | محمود | عبدالهادى | عرفة (عرفا) | |
| 70 | مادى | - | - | - |
| 71 | صالح | - | - | - |
| 72 | غربيل | - | - | - |
| سوريا ( ولاية حلب) | | | | |
| 5 | محمد نواف | صالح الجراح | حديدين | |
| 6 | أحمد فؤاد | حمود | حديدين | |
| 7 | محمد برجس | فرحان | عنزة/ سبعة | |
| 8 (ب) | فاضل | - | - | - |
| سنجق دير الزور(دير الزور) | | | | |
| ٢١ | محمد | سلطان | خابر | - |
| ٢٢ | عيسى عليو | حاجى فحل | سبخة | - |
| ٢٣ | رمضان | شلاش عبدالله | عقيدات/ البوسرايا | - |
| ٢٤ | أحمد توفيق | علي النجرس | عقيدات/ البوسرايا | - |
| ٢٥ | محمد تركى | | عقيدات/ العزار | - |
| سنجق حماه | | | | |
| ٢٦ (د) | سعود | - | - | - |
| ٢٧ | محمد | جمعه | بنى خالد | - |
| سنجق شام (دمشق) | | | | |
| ٢٨ | محمد | سطام | ولد على | - |
| ٢٩ | محمد | شبلى | فواعيرى | - |
| ١٣ | فهد | - | دروز | سويداء |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ١٥ | يوسف | - | - | سلا |
| ٣٨ | شامان | - | عنزة | - |
| ٥٧ | علی | - | | سويداء |
| ٦٣ | محمد | خطاب | تركی | - |
| * *(ه) | منصور خلقی | سعيد خلقي | جيدور | حوران/ جاسم |
| سنجق قدس (اوشليم) | | | | |
| ١٣ (ج) | درويش | - | - | - |
| ١٤ | جبار جودت | حمود | وحيدات | - |
| ١٥ (ب) | حسين | - | - | - |
| ١٦ | سليمان | عيد أبو عيد | حناجره | - |
| ٤ | أحمد | سالم | أبوكشك | - |
| ٢٠ | محمود | طوفان / ضوفان | سويلمه | - |
| نيوەدورگەی عەرەب هەرێمی حيجاز | | | | |
| ٣٧ | مستەفا نادر | مستەفا زادە | | لە ڕاستییدا خەڵكی هەرێمی حبجازە، بەڵام لە سیواس دادەنیشێت |
| ٣٩ | محمد فارس | | | - |
| ٤٦ | مهنا | - | الحميره | - |
| ٥٦ | علی | حسن | زهران | مكه |
| ٥٧ (ب) | عبدالله | - | - | - |
| ٥٨ | عبدالله | - | بنی سفيان سەقيف | - |
| هەرێمی يەمەن | | | | |
| ١٠ | محمد | عبدالله محسن | عماره | تعزه قعتيه |
| ١٧ | سيد عبدالله | سيد محمد | - | ياريم |
| ١٨ | حافز ئەحمەد | محمد علی | - | آ نس |
| ١٩ | عبدالله | احمد محمد | - | حجه |
| ٢٠(ج) | حافز احمد | - | - | - |
| ٣٣ | زافر | محمد | قحطان/ علی السريع | عسير ، ريمه |
| ٧٣ | حامد | - | - | صنعاء |
| ٧٤ | إحسان | - | - | صنعاء |
| ٧٥ | عبدالله | - | العكاز | - |
| العراق (هەريمی بغداد) | | | | |
| ١ (ب) | حميدی | فرحان | شمر | - |
| ٢ (ب) | سليمان | حبيب | ربيعه | - |
| ٣(ب) | عجيل | علی | زوبێر (زەبيد) | - |
| ٤ (ج) | علی | سليمان | دليم | - |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| هەرێمی بەسرە | | | | |
| ٣٠ | عبدالمحسن | فهد | سه عدون | مونتەفیق |
| ٣١ | شیاع | - | سواعد | - |
| ٣٢ | فندي | - | بەنی لام | - |
| ٦٤ | محمد تالیب | - | - | بەسرە |
| ٦٥ | محمد سالْح | حاجی تالیب | DOCROR TO MUNTAFIK | بەسرە |
| ٧٦ | عبدالكريم | فهد | سەواعد | مونتةفيق |
| ٧٧ | ياسين | - | میاح | - |
| ٧٨ | زبون | | سەواعد | |
| كورد هە رێمی بەتلیس | | | | |
| ٣٤ | محمد شريف | - | کوبرانلی | - |
| ٣٥ | قاسم | ئەحمەد | کوبرانلی | موش، فارتو، دێی گولان |
| ٣٦ | خالد | محمود | کوبرانلی | موش، فارتو، دێی کارکاروت |
| هەرێمی وان | | | | |
| ٤٥ | محمد هەمزە | حسين | سافچیلاك/ موكرى | هركى كردى |
| ٤٧ | تاهير | - | حەیدەرانلی | - |
| ٤٨ | ضيا | عبدالله | شمسکی | حەمیدی / گوندی سەلهانی |
| ٤٩ | محمد سادق | عومەر | میرزکی | هەكاری |
| ٧٩ | عزت | عبدالله | شمسکی | حەمیدی / گوندی سەلهانی |
| هەرێمی مەعمورە (العزيز) | | | | |
| ٥٠ | سليمان نوري | ئیبراهیم | ئایزولو | مەلاتیە |
| ٥١ | يوسف جميلی | مورتەزا ئاغا | قەرەبالی | - |
| ٥٢ | حسن خيري | مورتەزا ئاغا | قەرەبالی | درسیم/ گوندی ئەزروبەک |
| ٥٣ | علی حيدر | سيد قاسم | قەرەبالی | درسم/ گوندی کارکا |
| ٥٤ | علی حيدر | هازر | قەرەبالی | درسیم / کارکا |
| ٥٥ | ئەحمەد رامز | ئیسماعیل | قەرەبالی | درسیم / کارکا |
| هەرێمی ئەرزەروم | | | | |
| ٥٩ | سليم زكی | پێشەوا عبدالله، | قەرە باباک | بایەزید |
| ٦٠ | ئەنیس | عوسمان | قەرە باباک | بایەزید/ گوندی کراکلیس ئۆهان |
| ٦١ | فلی | عەلی | قەرە باباک | بایەزید/ گوندی کلیسر |
| هەرێمی دیاربەکر | | | | |
| ٤٢(د) | ئەحمەد جەمیل | حقی ئیسماعیل | ملی | - |

ئەگەر چی خەڵکی ئەو ناوچانە ئەو سوودانەیان بینیبوو کە بە هۆی ڕۆڵی کەسایەتی ناوچەکەوە دەستیان کەوتبوو، چۆن کەڵک لەو پلەوپۆستە حکوومیانە دەبینن، بەڵام لاوازی دەسەڵاتی عوسمانی هۆکاربوو ئەو کارە کەمتر جێگای سەرنج بێت، والی بەغداد لە ڕاپۆرتێکدا بەمشێوەیە باس لە خۆگرتنی کوڕوکاڵی هۆزەکان دەکات لە لایەن حکوومەتەوە:

لە پێناو یارمەتی زۆربەی گەورەپیاوانی بەڕێزو بەدەسەڵاتی هۆزەکان پێویستە لە کاتی جێبەجێکردنی وەها کارێکدا ئەو سوودە شارستانی و ڕامیاریانە لە بەرچاو بگیرێن کە لە تەواوکردنی ئەوکارەدا بە دەست دەهێندرێن، لەگەڵ تەواوکردنی ماوەی خوێندندا لەوانەیە (٤٠) کەسی دڵسۆزو خزمەتگوزار کە پەروەردە کراوی یەک پەریڕەون و لە ژێر کاریگەری ڕێنمایەکانی پادشادان ڕەوانەی ناوەندی هۆزەکانی شەمەر، دلێم، ڕەبیعەو زوبێر بکرێن.

کاتێکی درەنگ و لە تەک دڕدۆنگی سەرکردەی هۆزەکاندا، لە کۆتایی مانگی ئەیلول لە هەرێمەکانی تەرابلسی ڕۆژئاوا، بەغداد و حەلب، هەروەها ناوچە سەربەخۆکان لە قودسی پیرۆز و زور (٢٠) خوێندکار بەمەبەستی خوێندن نێردران بۆ ئەستەمبوڵ. لەگەڵ ئەوەشدا هەرێمەکان لە ژێر پاڵەپەستۆی بەردەوامی ئەستانەدا نەیانتوانی ژمارەی پێویستی خوێندکار بنێرین بۆ پایتەخت، لە تشرینی یەکەمی ساڵی ١٨٩٢ سەدری ئەعزەم (سەرەک وەزیران) لە نامەیەکدا بۆ کۆشک ئاماژە دەکات حیجاز خوێندکاری نەناردووە بۆ خوێندنگای عەشایەر لە ئەستانە، لە ڕۆژی دواتردا سەرەک وەزیران حیجازی لەو کارە ئاگادار کردەوە، پاش هەفتەیەک والی حیجاز جەختیکردەوە کارمەندەکانی سەرقاڵی تەواوکاری ئەو کارەن، لە سەرەتای تشرینی دووەمدا و لەگەڵ گەشتی یەکەم پاپۆڕ بۆ ئەستانە دوو خوێندکار ڕەوانەی ئەستانە دەکرێن، بەگشتی لە ساڵی یەکەم و لە ولایەتەکانی حیجاز، یەمەن و سوریا (١٣) خوێندکار ڕەوانەی پایتەخت کران بۆ خوێندن. بەڵام بەو شێوەی پلانی بۆ داڕێژرابوو پۆلەکانی خوێندن ژمارەی خوێندکارانی نەدەگەیشت بە (٥٠) خوێندکار، چونکە داتاکانی بەردەست ئاماژە بۆ وەها ژمارەیەک ناکەن، هاوکات لە ساڵی سێیەمدا ژمارەی خوێندکاران لە (٨٠) خوێندکاری تێنەپەڕاند لە کاتێکدا بڕیاربوو ژمارەکە بگات بە (١٣٠) خوێندکار، ساڵی خوێندنی ١٩٠١ ژمارەی خوێندکاران (١٣٠) خوێندکار بوو، ساڵی ١٩٠٣ ئەو ژمارە کەمیکرد بۆ (١٢٠) خوێندکار.

سێ ساڵی یەکەم، وەرگرتنی خوێندکاران لە خشتەی ژمارە (١) دا ڕوونکراوەتەوە، لەگەڵ گەیشتنی هەر خوێندکارێک ژمارەی ناساندنی پێدراوە، ژمارەکان لە کاتی دەرکردن یان کشانەوەی خوێندکاردا دووبارە دەبوونەوە، لە هەر سێجارەکەدا ددانراوە بە (٨٨) خوێندکاردا، لە سەرەتایی ساڵی سێیەمدا ناوی (٧٢) خوێندکار لە تیانووسی تۆماری قوتابخانەدا ماوەتەوە، ئەوانیتر (١١) خوێندکار دەرکراوان یان متمانەیان لێوەرگیراوەتەوە، دواتر ددانراوە بە پێنج خوێندکاردا لە نێوە ئەوکەسانەی قوتابخانەی عەشایەریان تەواوکردووە، دوو خوێندکاریش لە دەفتەری تۆماردا ناویان ڕەشکراوەتەوە، یەکەم (سەید محمد) ژمارە (٦٢) و لە هۆزی (شامدینا)، بەڵام ئاماژە بۆ ناوی هەرێمەکەی نەکراوە، دووەم (بهاءالدین) لە ژێر ناوی (مضر زادە) شایەد ناوی کوڕی سەرەک هۆزێک بێت، ئەم نموونەیە تا ئەندازەیەک زۆر گرنگە، چونکە چاوگێڕانێک بەژمارەی خوێندکاران لە نێوان ساڵانی (١٩٠١ بۆ ١٩٠٣) دەریدەخات نێوەندی ژمارەی وەرگرتن لە ماوەی (١٥) ساڵی ئەو قوتابخانەیەدا لە (٣٣ بۆ ٣٥) خوێندکار تێنەپەڕیوە، کەواتە نموونەکەمان (٨٨) خوێندکار ١٩-٢٣٪ کۆی دەرچوانی قوتابخانەی عەشایەر دەکات کە ژمارەیان لە نێوان (٣٧٥ بۆ ٤٥٠) خوێندکاربووە.

**ڕۆژی دەرچوون:**

لە ڕۆژی دیاریکراودا قوتابخانەی عەشایەر دەرگای کرایەوە هاوکات بوو لەگەڵ ڕۆژی لە دایکبوونی پەیامبەر موحەمەد (دروودی خودای لێبێت) لە ٤/تشرینی یەکەم/١٨٩٤، وەک ڕێزێک بۆ بەشداربوون وەزیری مەعاریف وتەکەی بە زمانی عارەبی خوێندەوە، چونکە بەشێکی کەمیان نەبێت ئەوانیتر تەنها زمانی عارەبیان دەزانی، جەنابی وەزیر هەوڵیدا لە ڕێگای وتەکانیەوە کاریگەری لەسەر گوێگران دابنێت، ئاماژەیکرد ئەوان جیهانی ئازار و ناڕەحەتییان بە جێهێشتووە، چونکە لەو دنیایەدا ئەوان لە پێناو مانەوەدا جەنگاون، هاوکات ئاماژەیکرد چۆن عارەبی سارانشین کاتییان نەبووە بۆ فێربوون کەڵک وەرگرتن لە شارستانیەت.

ئەو مێردمنداڵانەی تەمەنیان لە نێوان (١٢بۆ ١٦)ساڵیدابوو لەو کاتەوەی وڵاتیان بە جێهێشتبوو، لە هەفتەی سێیەم و چوارەمدا لە ژێر چاودێریەکی توندی پۆلیسدابوون، تا سوود و کەڵکی شارستانیەت ببینن، زۆربەیان ئەم گەشتە یەکەم ئەزموونیان بوو لە شارە گەورەکاندا، بە پاپۆڕێکی گەورە هەموویان گواسترانەوە بۆ ئەستەمبوڵ، لەگەڵ ئەوکارەشدا ئامادە نەبوون پایتەخت بە ڕەهەندە جۆراوجۆر و جیاوازەکانیەوە ببینن، چونکە تایبەت بەو لایەنە زۆر بەسادەیی کردنەوەی قوتابخانە وەک پرۆژەیەک ئامانجی فێرکردنی کوڕوکاڵی سارانشینان بوو لە مەکە، دیمەشق، و بەغداد، دواتر گرنگ بوو خوێندکاران باوەڕبهێنن بە پێگەی ئەستەمبول تا لە ڕێگایەوە بتوانن دڵسۆزی و پشتگیری هۆزەکانیانبن، شانازی بکەن ئەوان ئێستا بەشێکن لە ئیمبراتۆریای عوسمانی.

جەنابی وەزیر کۆی وتەکانی هەڵگێرایەوە بەو جیاوازییەی لە نێوان ئەو بارودۆخە سروشتییەی خوێندکاران و شارەگەورەکاندا هەیە، ئەم پەرچە کردارە زیاتر دەرکەوت کاتێک ناوبراو (عەبدولا فریرس) هەوڵیدا وێنەی خوێندکاران بگرێت و بەناوی (وێنەی تایبەتی سوڵتانی) ناویبرد، دواتر سوڵتان (عبدالحمید) لە نێوان ساڵانی (١٨٩٣ و ١٨٩٤) وەک دیاریەک وێنەکەی پێشکەش بە کتێبخانەی نیشتمانی لە ئەمریکا، فەرەنسا و بەریتانیا کرد، لەگەڵ ڕەچاوکردنی لایەنی ئینثرۆپۆلۆجیادا. وێنەی خوێندکارانی بەتاک و جوت لە ئیستۆدیۆ گیرا، وێنەگر لە بەردەم خەلیفەدا زەمینەسازیەکی گوندییانەی ڕەخساند، خوێندکاران پۆشاکی ناوچەییان لە بەردەکرد کە پێکهاتبوو لە عەبایەک، مێزەرو کۆمەڵێک پارچە جلووبەرگی جیاواز، خوێندکاران بە چاوی زەق و وەستانێکی ڕاست ڕوو بەڕووی کامێرا دەوەستان، تەواو بە پێچەوانەوە وێنەی (٢٨) خوێندکار بە پۆشاکی خوێندنەوە لە بەردەم قوتابخانەکەیاندا وێنەیان چرکێنرا، پۆشاکە ئەوروپیەکە بریتی بوو لە چاکەتی درێژ تا ئەژنۆ بەپێنج قۆپچە تا قورگ نەخشێنرابوو، شەرواڵ (پانتۆڵ) کەش ڕەنگی تۆخ بوو، سەرباری نیشانەی ئەفەندی کە لە تەڕبووش ( کڵاو) دا ڕەنگی دابووەوە.

**ژیانی خوێندکار:**

ئەو ڕاپۆرتانەی لە قوتابخانەی عەشایەر باس لە خۆگرتنی خوێندکار دەکات هیچ ئاماژەیەکی تیادا نییە بۆ گۆڕینی ئەو خوێندکارانە لە کەسانی عەشایەرەوە بۆ ئەفەندی عوسمانی، یەکەم ئالەنگاری ڕوو بەڕووی بەڕێوەبەرێتی قوتابخانەکە بووەوە دانانی پرۆگرامێک بوو بۆ ئەو خوێندکارانەی زمانی تورکیان نەدەزانی، هاوکات ئاسۆیەک دەبینرا کە ڕەفتاری قوتابیان هاوتا بێت لەگەڵ ئەو پەیرەوەی مامۆستای وانە دەقاودەق کاری پێدەکرد، لە پێناو کاراکردنی ئەم هەنگاوەدا هەوڵدرا خوێندکار لەکۆمەڵگای ئەستەمبوڵیی و گەندەڵی شار دوور بخرێتەوە، ئەم لایەنەی ژیانی خوێندکار بەرنامەیەکی جێبەجێکراو بوو جۆری ژیان و توندوتۆڵی گرنگیەکی تایبەتی هەبوو

دەربارەی ئەو گریمانەی دەگوترا قوتابخانە ئەزموونێک بوو ئامانجی بەهێزکردنی پاڵپشتی بووە بۆ دەوڵەتی عوسمانی.

**پەیڕەوی خوێندن**

خولی خوێندن ساڵانە لەگەشە کردندابوو، ئەو بنەمایە پەیڕەو دەکرا کە بڕیاری ساڵانە کاری پێدەکرد، پەیڕەوی خوێندن بە شێوەیەکی بنەڕەتی تێکەڵەیەک بوو لە نێوان خوێندنی قوتابخانە لە قۆناغی ناوەندی (ڕەشیدی) و خوێندنی خوێندنگە لە قۆناغی دواناوەندی (ڕەشیدیە)، لە میانەی ڕێکخستنی خوێندن لە (٧ ساڵەوە بۆ ٥ ساڵ) چاوەڕوان دەکرا خوێندکار لە توانایدا بێت زمانی عەرەبی و تورکی فێربێت، سەرباری سێ ساڵ بۆ فێربوونی زمانی فەرەنسی و دوو ساڵ بۆ زمانی فارسی، زانستەکانی مرۆڤایەتی و ئیسلامی (بەتایبەت بیرکاری، جوگرافیاو مێژوو) لە پێشەنگی ئەو زانستانەبوون دەخوێندران، لە کۆتا ساڵیشدا خوێنکار ئامادە دەکرا بۆ خوێندنی پێشکەوتوو لە ئەکادیمیای سەربازی و شارستانی.

لە ساڵی سێیەمی خوێندندا ئەنجامی خوێندن دەنێردرا بۆ سوڵتان تا چاوێک بەتوانای خوێندنی خوێندکاردا بگێڕێت، تاقیکردنەوەکان بەهەند وەردەگیران و ماوەی مانگێک درێژەی دەکێشا و هەر بابەتێک (٢ بۆ ٣) جار تاقیکردنەوەی تیادا دەکرا.

بۆ دەربازبوون لە هەموو بابەتێک لایەنی کەم پێویستی بە (٤) نمرە بوو هاوکات لایەنی زۆریشی بە (١٠) نمرە، خوێندکارێکیش لە بابەتێکدا سەرکەوتوو نەبوایە دەیتوانی بۆ جاری دووەم تاقیکردنەوە ئەنجامبدات، ئەو خوێندکارانەی نمرەکانیان ٩٠% یان زیاتر بوو بە تازیار ناودەبران، بەڵام ئەو کەسانەی کۆ نمرەکانیان ٨٠% بوو یان زیاتر بە پلەی بەرز یان زۆرباشە ناودەبران، بەڵام ئەوانەی ٦٠% یان زیاتریان بە دەست دەهێنا پلەکەیان بە باشە تۆمار دەکرا، هەروەها ئەو خوێندکارانەی پلەکانیان لە نێوان ٤٠بۆ ٦٠% بوو پلەکانیان بە لاواز تۆمار دەکران، ئەو خوێندکارانەی کۆ نمرەکانیان کەمتر لە ٤٠% بوو بە لاواز تۆمار دەکران، ئەو خوێندکارانەی کۆنمرەکانیان کەمتر ٦٠% بوو ناچار دەکران لە ساڵی داهاتوودا خوێندنەکەیان دووبارە بکەنەوە.

ساڵی ١٨٩٤ ساڵی یەکەمی خوێندن (٣) پۆل تاقیکردنەوەیان ئەنجامدا لە کۆی (٢٣) خوێندکار (٤) یان دەرنەچوون، هەموویان خەڵکی هەرێمە عارەبنشینەکان بوون، لە خشتەی ژمارە (١) بە ژمارەکانی ٢٠، ٥٧، ٧٥ و٧٧ ئاماژەی بۆ کراوە، لەگەڵ ئەوەی نمرەی دەرچوون بەرز نەبوو (٦٠%)، ئەگەر تاقیکردنەوەکەیان بۆ دوبارە کرابایەتەوە لەو بابەتانەی دەرنەچووبن ئەوا نزیکبوو بابەتەکە تێپەڕێنن.

**خشتەی ژمارە (٢) وانەکانی خوێندن**

| ساڵی یەکەم | ساڵی دووەم | ساڵی سێیەم | ساڵی چوارەم | ساڵی پێنجەم |
|---|---|---|---|---|
| قورئان | قورئان | قورئان | قورئان | قورئان |
| ئەبجەدی | تجویدی قورئان | تجویدی قورئان | تجویدی قورئان | تجویدی قورئان |
| زانستی ئاین | زانستی ئاین | زانستی ئاین | زانستی ئاین | زانستی ئاین |
| ڕێنووسی تورکی | ڕێنووسی تورکی | ڕێنووسی تورکی | ڕێنووسی تورکی | ڕێنووسی تورکی |
| فێرکردن | فێرکردن | فێرکردن | فێرکردن | فێرکردن |
| خوێندنەوەی تورکی | خوێندنەوەی تورکی | خوێندنەوەی تورکی | فارسی | فارسی |
| فێرکردنی زارەکی | فێرکردنی زارەکی | خەت خۆشی | خەت خۆشی | خەت خۆشی |
| | زمان | زمان | زمان | ڕێزمانی عارەبی |

| | بیرکاری | بیرکاری | بیرکاری | بیرکاری |
|---|---|---|---|---|
| | | چیرۆکی پەیامبەران | مێژووی ئیسلامی | مێژووی عوسمانی |
| | | سەرفی تورکی | نەحوی تورکی | ڕێزمانی عوسمانی |
| | | جوگرافیا | جوگرافیا | جوگرافیا |
| | | فەرەنسی | فەرەنسی | فەرەنسی |
| | | خەتخۆشی فەرەنسی | خەتخۆشی فەرەنسی | خەتخۆشی فەرەنسی |
| | | | ڕێزمانی عارەبی | گفتووگۆی تورکی |
| | | | وێنە | وێنە |
| | | | نووسینی تورکی | نووسین و خوێندنەوەی تورکی |
| | | | بابەتی جۆراوجۆر | بابەتی جۆراوجۆر |
| | | | | ئەندازە |
| | | | | فریاگوزاری سەرەتایی |
| | | | | بنەماکانی ژمێریاری |
| | | | | بنەماکانی فێرکردن |

بە زۆری ئەو کارە بەسەر مادەی ڕێنووسی عوسمانیدا جێبەجێ نەدەکرا، لەو بارودۆخەدا ساڵی یەکەم (٦) خوێندکار، ساڵی دووەم (٤) خوێندکارو (٣) خوێندکاریش لە ساڵی سێیەم دەرنەچوون، سەرباری ئەو بارگرانییە زۆرینەی خوێندکاران بە پلەی شەرەف لە تاقیکردنەوەکان دەرچوون.

**ژیانی ڕۆژانە:**

ئەنجامی تاقیکردنەوەکان دەرئەنجامی چاودێری ڕۆژانەو ئەو زەبت و ڕەپتانەبوو لە تیانووسی خوێندکاراندا ڕەنگیدابۆوە، ئەوکارەش باشترین سەلماندن بوو لەو بوارەدا، چونکە مامۆستایان ناچاربوون ڕۆژانە لە دەفتەری خوێندکاراندا وردبینی بکەن و بەردەوام ڕاستکردنەوەی پێویست لە دەفتەرەکاندا ئەنجام بدەن و ئاماژە بۆ کارەکانیان بکرێت، لەیەکەم پەڕەوە تا کۆتا پەڕە پێویستبوو سەرباری واژۆی مامۆستا وشەی بینراوە (لوحظ) لە دەفتەرەکاندا یادداشت بکرێت.

سەرباری پێداچوونەوەی وەڵامەکان، بەر لەوەی خوێندکار لە پۆلێکیتر دابنیشێت بە ئامانجی تاقیکردنەوە پرسیاری دیاریکراو لە وانەکانی پێشوو ڕادەستی خوێندکار دەکرا تاوەکو ئاستی تێگەیشتنی دەربکەوێت.

بارودۆخی گوزەران قورس بوو، کۆشک شێدارو پلەی گەرما گونجاو نەبوو، یەکەم زستان قوتابخانەکە بەرانبەر قشڵەی تیپی سوڵتانیە بوو لە گەڕەکی (گوموش سویو)

بە هۆی کەمی جل و بەرگ و خۆراکەوە بارودۆخەکە خراپتربوو، یەکێک لەو خوێندکارانە لە سەرەتای یەکەم زستانەوە شەش مانگ لە خەستەخانەدا مایەوە، دەرچوویەکی دیکە ئەلوا موسیل، (تەماشای خشتەی ١: ٧) بکە دەڵێ: پێنج ساڵی خوێندن تەندروستی وێران کردم، هۆکارەکەی کۆکردنەوەی خواردن خراپ و پۆشاک بووە

لە دەرەوە، دەرئەنجامی کنەو پشکنینی ئەوکارانە دەرکردنی پزیشکی قوتابخانەکە بوو لە ساڵی (١٨٩٣)دا پاشئەوەی تۆمەتەکانی خرایە ئەستۆ.
دوای کۆتایی وانەی ڕۆژانە، بەمەبەستی خواردنی ژەمێکی هەژارانە، بەڕێوەبەری قوتابخانە داوای لە خوێندکاران دەکرد لە هۆڵی قوتابخانە و بەمەبەستی نوێژکردن لەگەڵیدا کۆبنەوە، نزا بۆخودا، پەیامبەر و پادشای بێخەوش بکەن، دواتر بوار دەدرا بەو کەسانەی تێبینی کورت وپوختیان لە سەر کارەکانی ڕۆژانە هەبوو قسەبکەن، لە کۆتایدا دەستبەرداری خوێندکاران دەبوون چێژ لە ماتەبەقای ڕۆژەکەیان وەربگرن.
سەرباری ئەو ڕێکارانە دەست گەیشتن بە زانستی دەرەکی بە شێوەیەکی توند کۆت و بەند کرابوو، پۆلەکان لە هەفتەیەکدا شەش ڕۆژ دەیانخوێند، ڕۆژانی هەینی بە مەبەستی بە جێهێنانی نوێژ خوێندکاران بە شێوەیەکی چڕ لە نێوان شوێنی مانەوەیان لە (بەشکەتاش) و قوتابخانە لە (کەبتاش) لەگەڵ کارمەندی قوتابخانەدا ڕۆژەکەیان دەگوزەراند، بە شێوەیەکی تەواو چوونە دەرەوەیان لێ قەدەغەکرابوو، بەڕێوەبەری قوتابخانەی عەشایەر لە ئەستانەوە نامەیەکی بە ئەفسەرێکدا نارد بۆ سەرکردەی سوپای شەشەمی عێراق (نوسرەت) پاشا، لە پەیامەکەدا داوا لە قازی (نوسرەت پاشا) کرابوو میوانداری ئەفسەرەکە بکات و لەکاتی پشووی قوتابخانەدا دوو خوێندکاری عێراقی ببینێت لە (خشتەی ژمارە ١: ١ و٣٠) پیشاندراوە، چونکە ئەو کەسانە لە نێو هۆزەکاندا زیرەک و خاوەن شکۆن، مەبەست لە مکارە پاراوکردنی ئەزموونی ئەو کوڕوکاڵانەبوو، هەروەها پشتگیری و پەیوەستیان بوو بە ڕۆشنبیری عوسمانییەوە، بەڵام لە ڕاستییدا هەستانەوەو بە هێزکردنی قوتابخانەکە ئامانجی گشتی بوو، لەگەڵ ئەوکارەشدا، بەڕێوەبەری قوتابخانەکە بە ئاشکرا گووتی: چوونەدەرەوەی خوێندکاران و تێکەڵاوبوونیان لەتەک ئەوانیتردا ڕێگە پێدراونییە.

لە پای ئەو کۆت و بەندە توندوتۆڵانەی ڕۆشنبیری نوێ سەپاندبووی، خوێندکارانی قوتابخانەی عەشایەر بەیاخیبوون جامی تورەییان بەسەر قوتابخانەکەدا ڕشاند، ئەوکارە لە سەرچاوەی ڕاپۆرتە خولێکاندا بە (ڕەفتاری نەخوازراو) ناوی هاتووە. وەک پێشتر ئاماژەی بۆ کرا ئاریشەکان کەڵەکەبووی خواردنی خراپ و پۆشاکی نەگونجاوبوو، ئەوکارەش لە ئەنجامی بێباکی بەرپرسانی قوتابخانەکەوە ڕوویدابوو، لە پای ئەو کارە وەک پەرچەکردا خێرا چوار خوێندکار بە هۆی (ڕەفتاری نەخوازراو) لە قوتابخانەکە دەرکران، وەک لەخشتەی ژمارە (١: ٤، ١٣، ٢٠، ٥٧) پیشاندراوە، هەروەها خوێندکارێکی سوری خشتەی (١، ٢٩) بە هۆی دواکەوتنی چەند ڕۆژێک لە دەوام ئاگادار کرایەوە، تەنانەت سوڵتان عبدالحمید لە ڕێگای سکرتێرەکەیەوە إستنکاری ئەوکارەی کرد، چونکە لەچەندین ڕاپۆرتی زارەکیدا هاتووە خوێندکارانی قوتابخانەی عەشایەر شەڕەنگێزو خاوەن ڕەفتاری ناپەسەندن، جارێک پۆلیسی بەشکتاش هاتن بۆ ئارامکردنەوەی شەڕێک لە نێوان چوار خوێندکاری کوردو شەش خوێندکاری عارەب رویدابوو بەپێلاو، مستەکۆڵەو چەقۆ لەیەکتریان دابوو، تەنانەت هاورێکانیشیان تێوەگلاندبوو کە هیچ کاریان بەسەر ئەو کێشەیەوە نەبوو.
بەگشتی تازە پێگەیشتوانی هۆزەکان هێندە لە قوتابخانەکە دوور دەکەوتنەوە ئەوەندە جێگای بایەخیان نەبوو، بەهەرحاڵ مەکتەبەکە لەگەڵ سازو ئاوازی دەسەڵاتداراند نەدەگونجا، شێوازی خوێندن لە خوێندنگەی عەشایەر قسەکردن و گوێگرتن بوو، بەڵام قوتابخانە تایبەتەکانی بەریتانیا نموونەی ئەو دامەزراوانەن بەمەبەستی چەسپاندی بەهای چینی دەسەڵاتدار کۆششی جەستە و زەبت وڕەبتی ئەکادیمیایان تێکەڵاوکردبوو. ناتوانرێت ئەزموونی قوتابخانەکە پشتڕاست بکرێتەوە ئەگەرچی ئەزموونێکی جوان بوو، بەڵام لایەنی گرنگ لە ئەزموونی قوتابخانەی عەشایەر بریتی بوو لە دابینکردنی پلەوپایە بۆ دەستەبژێری دەسەڵاتدار، بەتایبەت ئەوکەسانەی

تەمەنیان لە نێوان (١٧بۆ ٢١) ساڵیدابوو، لەگەڵ پێنج ساڵی خوێندن کاتێک خوێندنیان تەواو دەکرد ڕاستەوخۆ کوڕوکاڵی هۆزەکان دەبوون بەخاوەنی ئەزمونێک بتوانن لە خوێندنگەوە ڕاستەوخۆ لە بەشی سەربازی یان مەدەنی دەستبەکاربن، بەمشێوەیە دامەزراوەکانی تازەی خوێندنی باڵا وەک ئەکادیمیای شارستانی و سەربازی لە بنەڕەتەوە بەشێوەیەک نەخشە ڕێژکرابوون پێشوازی لە خوێندکارانی قوتابخانەی عەشایەر بکەن و بۆ خزمەتکردنی دەوڵەت ئامادەیان بکات.

**خوێندنی باڵاو شێوازەکانی وەزیفە**

لە ئابی ١٨٩٦ سوڵتان عبدالحمید ڕێگایدا بە (٢٦) خوێندکاری دەرچوو لە قوتابخانەی عەشایەرو (٢٥) خوێندکاری کۆتا ساڵی خوێندن لە هەمان قوتابخانە بگوێزرێنەوە بۆئەکادیمیای جەنگ یان قوتابخانەی سەربازی، ئەکادیمیای خزمەتی شارستانی یاخود خوێندنگای شارستانی، پێنج ساڵ بەسەر کردنەوەی قوتابخانەکەو ئەزموونی ڕاهێنانی کوڕو کاڵی هۆزەکان تێپەریبوو لە پشتگیریان بۆ دەسەڵاتی عوسمانی.

ئەو بڕیارانەی لە خوێندنی باڵاوە دزەیان کردبوو ئەنجامی ئەزموونی قوتابخانەی عەشایەر ئارامی سوڵتانیان نەهێشتبوو، کارەکە بەوەشەوە نەوەستا، خوێندکارانی دواساڵی مەکتەبی عەشایەر لە کاری ئەکادیمیای عەسکەری و مەدەنی لەکاتێکی زوودا دەستبەکاربن، لەکاتێکدا (3) ساڵ پێویستە بۆ خوێندکارانی دیکە بۆ ئەوەی لە هەردوو ئەکادیمیادا خوێندنەکەیان تەواوبکەن، بەڵام ساڵێک بۆ پێگەیاندنی تازە پێگەیشتوانی عەشایەر لەو خوێندنگایانە دیاریکرابوو، نیازی سوڵتان ئاشکرابوو کوڕوکاڵی هۆزەکان لە هەرێمەکانیاندا لە نزیکترین دەرفەتدا پلەوپۆستی حکوومەت وەربگرن. ئامانجی کارەکە کارئاسانی بۆ دەسەڵاتی حکوومەت لە ناوچە عەشایەرەکاندا دەکرد یان هۆکارێک بووە بۆ هاندانی پیاوانی هۆزەکان بە مەبەستی ناردنی کوڕێژگەکانیان بۆ ئەستانە.
لە ئابی ساڵی ١٨٩٧ (٤٥) خوێندکار لە قوتابخانەی عەشایەر توانیان لە تاقیکردنەوەکانیان دەربچن و لە ئەکادیمیای سەربازی و شارستانی بڕوانامەی دبلۆم وەربگرن، لە نێوان ئەو کەسانەدا (٣٣) کەسیان وەک ئەفسەری پیادە و سوارە دەستبەکاربوون، هاوکات (١٢) کەسیان لە بەشی شارستانی دامەزران، گۆڤاری (سەروەت فنون) لە ئەستانە دەردەچوو وێنەی (١٣) دەرچووی کوردی لە خوێندنگای عەشایەر و خوێندنگای سەربازی و شارستانی سوڵتانی بڵاوکردۆتەوە و پلەیان بۆ (یوزباشی) (نەقیب) بەرزکراوەتەوە، سەرباری کاری فەخری کە خۆیی لەو ئەفسەرانەدا دەبینیەوە یاوەری سوڵتان بوون، هاوکات وەک ئەفەندی (پلەی چوارەمی وەزیفەی شارستانی) ڕەوانەی هەرێمەکان دەکران، بەڵام ئەو مێردمندالانەی پێشتر وێنەیان گیرابوو نەدەناسرانەوە! دواتر وەک کۆمەڵەپیاوێک بە پۆشاکی فەرمیەوە دەرکەوتوون و شەرەفی خزمەتی مەدەنیان پێبڕاوە، ئەو کەسانە کۆمەڵێک ئامانجی ڕەچاوکراویان لە ڕێگای قوتابخانەی عەشایەرەوە بۆ دیاریکرابوو کە لە پیاوانی هۆزەوە گۆڕانکاریان بەسەردابهێنرێت بۆ کارمەندی عوسمانی، ئامانجی کارەکە لە ژێر سایەی سوڵتاندا پشتگیری و ئاکاری هاوبەش بووە لە نێوانیاندا.
پاڵپشت بەو بەڵگانەی گروپی یەکەمی کوڕوکاڵی هۆزەکانی پێ دامەزرێنرا ئەکادیمیای جەنگ و شارستانی پیاوانی هۆزەکانی لە زۆر وەزیفەو جێگای جیاوازدا دامەزراند، بەمەبەستی پشتگیری لە نێوان دەرچووانی قوتابخانەی عەشایەر بۆ دەوڵەتی ڕاهێنان و شوێنکاری دەرچوانی قوتابخانەکە جێگای تیشکخستنەسەرو مشتوومڕبووە.

**پۆلی خوێندنی عەشایەری لە ئەکادیمیای جەنگ ( قوتابخانەی سەربازی)**

لەگەڵئەوەی دەسەڵاتداران مەبەستیان بوو بەشی یەکەمی دەرچوانی قوتابخانەی عەشایەر بەیەکسانی بۆ ئەکادیمیای جەنگ و ئەکادیمیای شارستانی بنێرن، بەڵام ئەنجامە فعلێکان دەریانخست زۆربەی دەرچووان ڕوویان لە ئەکادیمیای جەنگ کردبوو،

پێوانەکانی هەڵبژاردن ئاشکرانەبوو، خوێندکارانی قوتابخانەکە لە هەفتەیەکدا (٢٣) کاتژمێر وانەیان دەخوێند، هاوشێوەی ئەکادیمیای جەنگ بەرنامەکەیان پێکهاتبوو لە (٣) ساڵ، لەگەڵئەوشدا بەرنامەی خوێندنی عەشایەرییان بەشێوەیەک گونجان لە سالێکدا چڕبکرێتەوە، خوێندکار زۆربەی ڕاهێنانە تەکنیکێکانی لە ساڵی پێنجەمدا جێبەجێیدەکرد.

بەرنامەی خوێندنی قوتابخانەکە پێکهاتبوو لە (١٤) وانە بریتیبوون لە: ئاین، جوگرافیای سەربازی، ڕاهێنان لە هەردوو بواری تیۆری و پراکتیکی، وەرزش، پیادەڕێ، نووسین، قانوونی تاوانەکانی سەربازی و شارستانی، فریاگوزاری سەرەتایی، بنەماکانی کیمیا و فیزیا، پێکهێنانی سوپا، ڕاهێنان لە سەر شمشێرو خۆپارێزی، لە دەرەوەی هوڵەکانی خوێندن، خوێندکاران مەشقی گەڕانیان فێردەکرا بە تایبەت پاشئەوەی ڕاهێنەرانی کۆشک فێردەکران.

بە گوێرەی بەڵگەنامەکان (٣٣) خوێندکار وەک ئەفسەری پلە دوو ڕاسپێردران، (٢٧)خوێندکار وەک سەربازی سوارە (٦) سەربازیش لە بەشی پیادە جێگایان بۆ دیاریکرا، مامۆستایانی سەرپەرشتیار لە قوتابخانەکە پێشنیاریان دەکرد کوڕوکاڵی هۆزەکان هاوشێوەی ئەفسەرانی یاوەری کۆشکی سوڵتان ڕێزیان لێبگیرێت، بەمەستی دڵنیایی ڕێزگرتنیان لە لایەن هەر ناوەندێکی حکوومەتەوە، وێنەی کارەکە لە گۆڤاری (سێرفت فنون) دا بڵاوکرایەوە کاتێک بەشێوەیەکی فیعلی کۆمەڵێک خوێندکاری کورد ڕێزیان لێدەگیریت، سەرباری ئەوکارە لیستێک بەناوی ئەو خوێندکارانە دیاریکراوە کە باوکیان زۆرترین کاریگەریان لە نێۆ هۆزەکاندا هەیە، لەو نێوەندەدا دوو خوێندکاری شاری بەسرە خشتەی (ژمارە١: ٣٠ و ٧٠)، دووخوێندکاری خەڵکی حەلەب خشتەی ژمارە (١: ٥ و ٧)، دوو خوێندکار خەڵکی قودس خشتەی ژمارە ( ١: ١٤ و ١٦) خوێندکارێک لە زور خشتەی ژمارە (١:٢٥)، سێ کوردیش خشتەی ژمارە (١: ٣٦، ٧٩ و ٨٤)، وێنەی سێ خوێندکاری کورد لە گۆڤاری (سێرفت فنون) بڵاو کراوەتەوە، چونکە سەرۆک و گەواهیدەرن لە بەجێگەیاندنی ئەو ئەرکانەی بۆیان دیاریکراوە، ئەو خوێندکارەی هەرێمی زور (کوری عەلی کوری نەجرەس) لە سوپای عوسمانی خزمەتیکرد تا بوو بە ڕابەری هۆزەکەی، دوو کەس لە دەرچوانی هەرێمی قودس پلەو پایەیی شیاویان بە دەستنەهێنا، لێرەو لەوێ باس لە دەرچوانی هەرێمەکانی بەسرەو حەلەب دەکرا .

نەواف ساڵح لە دایکبووی (١٨٨٠) کوڕی گەورە هۆزی حەدیدین بوو لە حەلەب، خوێندنی لە ئەستمبوڵ تەواوکردبوو، لە سوپای عوسمانیدا گەیشتبووە پلەی سەرۆک (نەقیب)، بەڵام باوکی شێخ ساڵح شەرق کاتێک لەسەر جێگای کەوتبوو داواکاریەکی نارد بۆ سوڵتان عبدالحمید، داواکار بوو کوڕەکەی بگەڕیتەوە نێو هۆزەکەی بەمەبەستی ڕابەرایەتیکردنیان، لە وەڵامی داواکاریەکەیدا سوڵتان ساڵی (١٩٠٧) فەرمانێکی شاهانەی دەرکرد و ڕێگایدا بە گەڕانەوەی نەواف بۆ نێو هۆزەکەی، هاوکات موچەو پلە سەربازێکەی هێشتەوە، لە ساڵانی چلەکانی سەدەی ڕابردوودا لە بەڵگەنامەیەکی سوپای فەڕەنسیدا هاتووە نەواف خۆی بەمنەتباری سوڵتان دادەنا لە بەرانبەر ئەورێزەدا لێیگیرابوو، نەواف لە ڕێگای ژن و ژنخوازییەوە هەولێدەدا پەیمانی دورمەودا لەگەڵ هۆزەکانیتردا ببەستێت. لە نامیلکەیەکی بەریتانیایی کە هاوشێوەی بەڵگە نامەکەی سوپای فەرەنسایە هاتووە کاتێک نەواف پلەو پایەیەکی گەورەی لە نێو شوێنکەوتوانیدا هەبوو، خۆشەویستانی پێداگربوون لە ناکۆکییە ناوخۆیەکاندا

دادوەربێت، ئەواف زەویووزارێکی فروان و بەرینی کشتوکاڵی هەبوو کاری بۆ ژیانەوەیان دەکرد، تا ساڵی (١٩١٨) کاتێک خۆیی ڕادەستی بەریتانیایەکان کرد ئەواف پارێزگاری لە پلەوپایە سەربازییەکەی کرد.

محمد برجس فرحان ئەویش خەڵکی حەلەبە، کوڕی شێخێکە لە شێخەکانی سباعە و بەشێکن لە شێخانی عەنزە و دەورووبەری، ساڵی ١٨٨٠ لە دایکبووە، وەختایەک لە خوێندنگەی عەشایەر وەرگیرا تەمەنی (١٢) ساڵبوو، کاتێک تەمەنی گەیشتە (١٨) ساڵ لە ئەکادیمیمای دەریاوانی وەرگیرا، هاوشێوەی ئەواف گەیشتە پلەی نەقیب و تا ساڵی ١٩٠٦ لە سوپادا مایەوە، ئەوساڵە باوکی ژینئاوای دەکات، هاوزەمان محمد لە سوپا دووردەکەوێتەوە تا رابەرێتی لقێکی هۆزەکەی بکات، دوای دوو ساڵ لەگەڵ جوگرافیناسی چیکی (ئەلوا مۆسیل) بەیەک دەگەن، ئەلوا بەشێکی کەمی گفتووگۆیەکەیانی تۆمار کردووە، ئاماژە دەکات پشتگیری محمد بۆ عوسمانێکان لە نەستییدا بووە، واتە لەگەڵ هەموو دابوونەریتێکی تورکان‌دابووە، لە درێژەی بابەتەکەدا ئەلوا دەنووسێت ئەو ڕەفتارە هۆکار بووە هۆزەکەی لە ڕەفتار خراپی بەرپرسانی تورک بپارێزێت، ئەو بەشێوازێک پەروەردە کرابوو زۆر باش شارەزای بیرۆکراتی تورک بێت و خۆپەرستبێ، بەشێوەیەک بەشێکی زۆر زەوی و زاری حکوومەتی لە پێناو بەرژەوەندی خۆیی و هۆزەکەیدا داگیرکردووە، لە جیاوازێکانی ئەوکارە ئەوەیە کاتێک لە بەرژەوەندی عوسمانێکاندا کاری دەکرد زەوی و زارەکان لە ژێر دەسەڵاتییدا دەمانەوە.

خانووی بۆ جوتیارانی هەژار دروستدەکرد، هاوکات لە بەرانبەر هەشت یەک یان پێنج یەکی سافی داهاتدا کێڵگەی ڕادەست دەکردن، دەگێڕنەوە هانی جوتیارانی هەژاریداوە کەسوو کاریان تێکەڵ بە کاری کشتوکاڵی بکەن، باوەری وابووە لە ماوەی چەند ساڵێکدا هەموو ناوچەکانی باکوری ڕۆژئاوی (تەدمور) دەبێت بە کیڵگەی بەرهەمهێن.

ئەو پرۆژانە لەگەڵ دەستپێشخەریە نیشتمانێکان فراوانتر دەبوون کاتێک عبداللە پاشای ئال سعود پشتگیریانی دەکرد. محەمەد برجس پابەندبوو بەپەیمانەکەیەوە کە بریتیبوو لە سەوزکردنی تەپەو تەلانەکانی تەدمور بە تریێ، لەگەڵ پاراستنی بەرژەوەندێکانی عوسمانی بەشێوەیەکی بەرچاو، باس لە تەخشان و پەخشانی سەروەت وسامانی عەشیرەتەکەی دەکرا لە پێناو دەرکەوتنیدا وەک کەسێکی خاوەن شکۆ، ساڵی ١٩٣٤ کاتێک مایەپووچ بوو لە لایەن دەسەڵاتدارانی ئینتیدابی فەرەنسایەوە کرا بە سەرۆکی هۆزەکەی.

دوو خوێندکاری سەربازی هەرێمی بەسرە هەردووکیان برابوون ئەوانیش عبدالمحسن لە دایکبووی ساڵی١٨٧٩ و عبدالکریم کوڕی فەهد کوڕی سعدون، بنەچەی خێزانەکەیان دەگەڕایەوە بۆ حیجاز و خۆیان لە بنەماڵەی ئالوو بەیت دەژمارد، ئال سەعدون بە زۆر یەکگرتنیان بە سەر هۆزی (مونتەفق) دا سەپاند، هەردوو برا، عبدالمحسن بەر لەوەی هەڵبژێردرێت بۆ ئەندام پەرلەمانی عوسمانی ساڵی (١٩٠٨) ژنێکی تورکی هێنا پلە سەربازێکەی بۆ سەرۆک (نقیب) بەرز کرایەوە، هاوکات لە پۆستەکەیدا مایەوە تا ساڵی ١٩١٨، دواتر لە عێراقدا و لە سەردەمی پاشایەتیدا چوار جار پۆستی سەرەک وەزیرانی بە دەستهێناوە، زۆر جار وەک نەیارێکی عەرشە لەرزۆکەکەی شا فەیسەڵ دەرکەوتووە، بە هۆی پشتگیری ئینگلیز لە سیاسەتدا بە تەواوی پەراوێزخرا، ساڵی ١٩٢٩ خۆیی کوشت!

عبدالکریم وەک ئەندام پەرلەمان لە سەر هەرێمی بەسرە هەڵبژێردرا، توانی دەسەڵاتی بنەماڵەکەیان بەڕێوەبەرێت، هاوکات بە هۆی شارەزایی لە قانوونی زەوی وزاری عوسمانی توانی دەست بەسەر ناوچەیەکی فراوانی زەویدا بگرێت کە زیاتر لە (٢٨٦٠٠) دۆنم بوو لە ناوچەی مونتەفیقی ولایەتی بەسرە. پیاوانی عەشایەر

ئەوانییان وەک دەرەبەگی چاوچنۆک تەماشادەکرد، ئال سەعدون بەرەنگاری ڕاپەڕینی عەشایەری ساڵی ١٩١١ بوونەوە، لەگەڵ دەسەڵاتی داگیرکاری بەریتانیایدا ساڵی ١٩١٥ دەسەڵاتەکەیان بەشێوەیەکی بەرچاو کەمبووەوە.

## پۆلی خوێندنی تایبەت لە ئەکادیمیای مەدەنی

لە بەڵگەنامەیەکی مێژوویدا پەیوەست بە ئەکادیمیای خزمەتی شارستانیی عەلی جانیکا بانگەشەی ئەوە دەکات کە پرۆگرامی تایبەتی خوێندن لە بنەڕەتەوە بە مەبەستی پێشوازی لە دەرچووانی قوتابخانەی عەشایەر دامەزرا، خوێندنەکە بریتیبوو لە دووساڵی خوێندن، بەڵگەنامەکانی هاوچەرخ ئاماژە بۆ بەرنامەیەک دەکەن کە پرۆگرامی تایبەتی ئەکادیمیای شارستانی هاوشێوەی ئەکادیمیای سەربازی بەشێوەیەک داڕێژرابوو لە ساڵێکدا تەواوبێت، لەوانەیە بانگەشەکانی عەلی جانیکا هەڵقوڵاوی توێژینەوەکەی بێت کە تیایدا چوار پۆل لە دەرچوانی عەشایەری خستۆتە ڕوو، یەکەم ساڵی ١٨٩٧ و دوو پۆلی خوێندنی لە ماوەی دوو ساڵی دیکەدا (١٨٩٩، ١٩٠١ و ١٩٠٣)، کۆمەڵەی یەکەم لە پۆلی تایبەتدا دەستیان بە خوێندن کرد لە دەرچووانی قوتابخانەی عەشایەر و قۆناغی پ ێنجەم بوون، لایەنی کەم پێویستیان بە دوو ساڵ بوو بۆ ئەوەی پۆلێکیتری خوێندن تەواوبکەن، شایەد کەمبوونەوەی خوێندکار دەلاقەی خستبێتە دوو ساڵی دواتری خوێندنەکەوە. هاوشێوەی پۆلی عەشایەری لە ئەکادیمیای جەنگ ماوەی خوێندنی سێ ساڵ بوو، ئەم بابەتانەی تیادا تاوتوێ دەکرا، قانوونی مەدەنی و کارگێری، بنەما کارگێڕێکانی مەدەنی، زانستی ئاینی، فەلسەفەی ئاکار، ڕێنووس و ڕێزمانی تورکی، عارەبی و فارسی و هونەری ڕێنووس. پاڵێوراوان لە کۆتایی ساڵدا تاقیکردنەوەیان دەکرد، پشت بەستوو بە نمرەی تاقیکردنەوەکان بڕیار لە سەر بەشداریکردنی خوێندکار لە ئەکادیمای مەدەنی دەدرا پێنج لە خوێندکاران لە قۆناغی سێیەم لە ئەکادیمیای خزمەتی شارستانی وەرگیران، وەک لە خشتەی ژمارە (١: ٦،١٨، ٤٢، ٤٥ و ٨٠) پیشاندراوە، چوار خوێندکاریتر بە پلەی شەرەف ساڵی خوێندنەکەیان تەواوکردووە و لە پۆلی چوارەمی ئەکادیمیای مەدەنی وەرگیراون وەک لە خشتەی ژمارە (١: ١٧، ١٩، ٢١، ٥١) پیشاندراوە، بەڵام سێ خوێندکاری دیکە بە ئاسانی قۆناغەکەیان بڕیووە و لە قۆناغی پێنجەم وەرگیراون وەک لە خشتەی ژمارە (١: ١٠، ١١، ٤٠) پیشاندراوە.

ئەو گفتووگۆیانەی لە ناوەندە فەرمێکاندا لە ئاستێکی فراواندا دەماو و دەمی پێدەکرا دیاریکردنی جێگایەکی گونجاو بوو بۆ دەرچوانی قوتابخانەی عەشایەر، لەگەڵ ئەوکارەدا پێویستە ددان بەو ڕاستیەدا بنرێت زۆرینەی دەرچوان ئامادە باشیان تیادا نەبوو وەک دەرچوانی ئەکادیمیای شارستانی کە لە ڕێگای ڕکابەریەوە وەرگیرابوون و بە قۆناغی پەروەردەی تولانی و توندو تۆڵتردا تێپەڕیبوون، کارەکە هانی بەرپرسانی وەزارەتی ناوخۆیدا لای خۆیان پێگەی کارمەندی عەشایەر بەهێزبکەن بەوپێیەی هۆکارێکی کاراو گونجاوە بۆ خزمەتکردنی شارستانیەت لە هەرێمە دواکەوتۆکاندا، دوای تەواوکردنی خوێندن، پیاوانی هۆزەکان موچەیەکی کەمیان وەردەگرت (٣٥٠) قووروش لە مانگێکدا، پاشئەوەی بە تەواوی شارەزا دەبوون لە زێدی خۆیان وەک جێگری بەڕێوەبەرە لاوەکییەکان (بەڕێوەبەری ناحیە) دادەمەزران، لە پێناو بەهێزکردنی پایەیی جێنوشین (قائي مقام) تاقیکردنەوەی خزمەتی شارستانیان کردووە، پیاوانی عەشایەر دەنێردران بۆ هەرێمە دوورەکان لە یەمەن، تەرابولسی ڕۆژئاوا، بەنغازی و موسڵ. لەگەڵ ئەمشێوازەی وەزیفەدا (سەرکەوتن و پێگەیشتن لە وەزیفەدا پلە بە پلە)، سەرەتای دامەزراندن کارمەندە نوێیەکان وەک دامەزراوی لاوەکی لە هەرێمەکانیاندا دادەمەزران، جانیکا لە توێژینەوەکەیدا زیاتر بیروڕای لە سەر خوێندکارانی لیبیا لە ڕووی پێگەیاندنی کارەوە خستۆتەڕوو، ئەوانیش حوسێن حوسنی (خشتەی ژمارە ١: ١١) کە دووجار لە تەرابولسی ڕۆژئاوا لە نێوان ساڵانی (١٨٩٧ و ١٩٠٨) خزمەتیکردووە، جارێکیش لە قۆنیە لە ساڵی (١٩٠٧ )، موختار ئەفەندی (خشتەی ژمارە١: ٨٠ ) لە تەرابولسی ڕۆژئاواو جەبەل غەربی (شاخی ڕۆژئاوا)

خزمەتیکردووە. ڕاهێنراوان لە سەر پیشەیەک پێویستیان بە کاتی زیاتر دەبوو تا لەسەر کارەکانیان بمێننەوە، بۆنموونە کوردێک لە هەرێمی مەعمورە پێویستی بە دەساڵ بوو تا بکرێت بە والی بە سەر هەرێمەکەوە ئەوکارەش ساڵی ١٩٠٩ ڕوویدا. بەڵام نور عەلی لە بەنغازی (خشتەی ژمارە ١: ٤٠) بە پلەکانی کارگێڕیدا سەرکەوت وەک جێگری والی لە دیریس ١٩٠٣، بیریس ١٩٠٧، بمبا ساڵی ١٩٠٨ و کوبی ساڵی ١٩٠٩ بەر لەوەی ساڵی ١٩١٣ وەک والی مری دەستبەکار بێت. ئەوانیتریش پاش پێگەیشتنیان لە دەستپێکی ئیشەکەیاندا ڕاستەوخۆ وەک والی دستبەکاربوون. موحەمەد سوڵتان (خشتەی ژمارە ١: ٢١) وەک والی چارمک لە شاری دیاربەکر ساڵی ١٩٠٠ دەستبەکاربوو، تا ساڵی ١٩١٩ دە پۆستی کارگێڕی وەرگرتووە لە دوورگەی ئیبن عومەر، مۆتکە لە هەرێمەکانی بەدلیس و قەطیف، مەحمودە و سەماوە، خۆی (باکوری ئێران) ، حلە و گولنەر ( باشوری ئەنادۆڵ). موحەمەد جەمیل ( خشتەی ژمارە ١: ٤٢) دواتر کرا بە والی سیفارک ( باشوری ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ) لە ساڵی ١٨٩٩ تا ساڵی ١٩٢٠ لە یازدە ولایەتی جیاوازدا کاریکردووە. موحەمەد حەمزە لە هەرێمی وان (خشتەی ژمارە ١: ٤٥) لە نێو دەرچوانی خوێندکارانی قوتابخانەی عەشایەر زیاد لە وەزیفەیەکی وەرگرتووە، دوای پێگەیاندنی لە هەرێمی وان لە بۆرصە دامەزرا، دواتر پلەکەی بەرزکرایەوە کرا بە والی بۆرصە، ساڵی ١٩١٢ هەڵبژێردرا بە ئەندامی پەرلەمانی عوسمانی، ساڵی ١٩١٤ گەڕایەوە بۆ کاری بەڕێوەبردن وەک والی لە ولایەتی هۆشاب دەستبەکاربوو، ساڵی دواتر گەڕایەوە پەرلەمانی عوسمانی، هەمانساڵ (١٩١٥) وەک موتەسەڕیف لە ناوچەی مونتەفیقی سەر بەر هەرێمی بەسرە دەستبەکاربوو، ساڵی ١٩١٦ لە هەرێمی کەربەلا دەستبەکاربوو، ساڵی ١٩١٧ جارێکیتر گەڕایەوە بۆ هەرێمی کەربەلا لەو پۆستەدا مایەوە تاساڵی ١٩١٧ ئەوساڵەی عێراق کەوتە بندەستی ئینگلیزو عوسمانێکان لەوڵات دەرنران، موحەمەد حەمزە ناچار کرا بگەڕێتەوە بۆ ئەستەمبوڵ ساڵی ١٩٢١ لەو شارە ژینئاوایی بکات.

دوو خوێندکار لە قوتابخانەی عەشایەر ڕێگایەکی تارادەیەک جیاوازیان گرتەبەر، بەشێکی زۆری وەزیفەکەیان لە بەشی پەروەردەی دەوڵەتدا تەواوکرد، سەید عبداللە (خشتەی ژمارە ١: ١٧) بەر لەوەی وەک بەڕێوەبەر لە ناوچەی ( R2 و مەحافق) لە ولایەتی جەبەلحەراز لە نێوان ساڵانی (١٩٠٣ و ١٩٠٤) دەستبەکاربێت، ساڵانی (١٨٩٩و ١٩٠٢) لە قوتابخانەی حکوومەت زمانی تورکی خوێندبوو، ساڵی ١٩٠٥ وەک خەزنەداری بەڕێوەبەری پەروەردە دەستبەکاردەبێت. بەڵام حافز ئەحمەد(خشتەی ژمارە ١: 18) وەک کارگێڕو پەروەردەکار کاریکردبوو، جێگری بەڕێوەبەری قوتابخانەیەکی ئامادەیی بوو لە سەنعا، بەڕێوەبەری کۆلێژێک بۆ پێگەیاندنی مامۆستایان، مامۆستای زمانی عەرەبی، تورکی، بیرکاری، مێژوو و جوگرافیا لە نێوان ساڵانی ١٩٠١ و ١٩١١، پاشان بۆ کاری کارگێری گوازرایەوە لە ساڵی ١٩١٢ کرا بە والی هەرێمی (یریم) لە وڵاتی یەمەن.

جانیکای توێژەر سەرکەوتوو بوە لە پۆلینکردنی دەرچوانی قوتابخانەکە بۆ سێ گروپ، گروپی سێیەم نیوەی کۆمەڵەی دەرچوانی قوتابخانەی عەشایەر بوون لە ساڵی ١٩١٧دا، پاشان ناو، بنەچەو پلەو پۆست و شوێنکاری (١٩) خوێندکاری لە نێوان ساڵانی ١٨٩٩، ١٩٠١ و ١٩٠٣دا لە خشتەی ژمارە چواردا خستۆتە ڕوو.

**هەڵسەنگاندنی قوتابخانەی عەشایەر:**

ئەو دامەزراوانەی بە گەورەی و جوانی دەخرێنە بەرچاو زۆرجار بە بێدەنگی دادەخرێن، ئەو بەڵگەنامانەی بەردەست بەشێوەیەکی ئاشکرا ئاماژە بۆ داخستنی قوتابخانەی عەشایەر ناکەن. (عوسمان ئەرگن) بە شێوەیەکی دوژمنکارانە دەربارەی گەنجی بەنازپەروەردەکراوی عەرەب، کۆچەرەکان، ئەلبان و کوردە شەرانگێزەکان نووسیوێتی قوتابخانەی عەشایەر لە شوباتی ١٩٠٧ داخرا لە پای یاخیبوونێک کە ئەنجامی شیکایەتێکی خوێندکارانبوو لەسەر خواردنی قوتابخانەکە ، مەکتەبەکە داخراو خوێندکارانیان ناردەوە بۆ وڵاتەکانی خۆیان،

دووباره ناوی قوتابخانەکە گۆڕدرا بۆ (ئامادەیی کەبتاش). توێژەر مشتوومڕێک ڕێکدەخات و دەنووسێت دوای شۆڕشی تورکە لاوەکان بە (١٤) مانگ قوتابخانەکە نەیتوانی بەردەوام بێت، شایەد قسەکانی عوسمان لە چاوگەیەکی نەتەوەپەرستییەوە سەرچاوەی گرتبێت تاوەکو سیاسەتی تورکیا بەرانبەر تورکە لاوەکان، پوختەی قسەکانی توێژەر دەربارەی پازدە ساڵی تەمەنی قوتابخانەی عەشایەر دەپرسێت ئایا کارەکە بەفیڕۆدانی کات و کۆشش نەبوو؟!

توێژەر بە زمانێکی پاراو پرسیارەکەی دەکات، بەڵام پرسیارەکە شایانی خستنە ڕووە، چونکە پلانی کۆمەڵایەتی ئامانجی ڕاکێشانی پیاوانی عەشایەر بوو هاوکات گۆڕینیان بۆ دەستەبژێری ڕامیاری و پشتگیرکاری دەوڵەتی عوسمانی، ئایا بەهای قوتابخانەکە بارتەقای ئەو هەموو پارەیە بوو کە تیایدا خەرجکرا؟

دەتوانین بڵێین قوتابخانەکە کاتێک داخرا دەسەڵاتداران کۆتا ئەنجامیان بینی کە چیتر پاساوێک نییە بۆ خەرجکردنی ئەو پارە یەیی قوتابخانەکەی لە پێناو بونیاد نرابوو، لە سەرەتاوە لێرەو لەویێ لەسەر ئەرزی واقیع تێبینی دەکرا دەرچوانی قوتابخانەکە لە بواری دامەزراندنیدا ئاریشەیەکیان هەیە، دەرکەوت دەسەڵاتدارانی هەرێمەکان ناتوانن باوەڕ بە خانەوادە ناودارەکان بهێنن ڕۆڵەکانیان ڕەوانەی ئەستەمبوڵ بکەن، تەنانەت ژمارەی خوێندکاران نەگەیشتە ئەنجامی چاوەڕوانکراو، ساڵانی دواتر دەرکەوت ئەنجامەکان پێچەوانەبوون، پێویستی بەقوتابخانەی عەشایەر لە پاشەکشەدابوو کاتێک لە نێوان ساڵانی (١٨٧٦ و ١٩٠٩) و لەسەردەمی عبدالحمید ژمارەی قوتابخانە حکوومیێکان (قوتابخانەی ڕەشیدی) لە ٢٥٠ قوتابخانەوە هەڵکشا بۆ ٦٠٠ قوتابخانە، هەروەها خوێندنگەی ناوەندی لە (٥ خوێندنگەوە گەیشتە ١٠٤ ) خوێندنگە، فراوانبوون و بڵاوبوونەوەی بە شێوەیەکی ئاشکرا لە ولایەتە عارەبێکاندا خوێندنگاکان دەبینرا، بەمشێوەیە دەتوانرا پیاوانی عەشایەر لە ژێر کاریگەری هەرێمەکاندا کۆبکرێنەوە، لە ڕاستییدا پاشئەوەی کۆرسێکی خوێندنی دووروودێژو توندوتۆڵیان تەواودەکرد، دواتر خوێندکاران ڕاستەوخۆ ڕەوانەی ئەکادیمیای سەربازی و مەدەنی دەکران ، توێژینەوەکەی جانیکا دەریخستووە ژمارەیەکی زۆری ئەو خوێندکارانەی لە هەرێمەکانەوە دەهاتن لەقوتابخانەی خزمەتی شارستانیەتدا دەگیرسانەوە، لەڕاستییدا داخستنی قوتابخانەی عەشایەر پەیوەست نەبوو بە کۆتا ئەنجامی چاوەڕوانکراو لەسەر قوتابخانەکە. تۆماری قوتابخانەکە پێویستە پێوەرێک بێت بۆ مەودای سەرکەوتنی قوتابخانەکە لە دامەزراندنی پیاوانی عەشایەر وەک دەستەبژێر و کەسانێک کە توانای پشتگیری دەوڵەتی عوسمانیان هەبووە ، لە سێ ساڵی یەکەمداقوتابخانەکە (٨٨) خوێندکاری وەرگرت، لەو ژمارەیە (٤٥) یان ڕوویان لە خوێندنی باڵا کرد کە ئەکادیمیای جەنگ و شارستانیەت بوون، جاری یەکەم ٢٠ خوێندکارو دووەمجاریش ١٩ خوێندکار، بینا لە سەر ئەو زانیاریانە دەتوانین پوختەی هەندێک تێبینی هەڵبگۆزین و تیشک بخەینە سەر ئەو پرسیارانە.

خشتەی ژمارە (٤)

ماوەی وەزیفی کۆتا دەرچووانی قوتابخانەی عەشایەرو ئەکادیمیای خزمەتی شارستانی

| ناو | هەرێم/ هۆز | شوێنکار |
|---|---|---|
| پۆلی خوێندن بۆ ساڵی ١٨٩٩ محمد فائد ئیبن زعل غشیان | سوریا/ ڕۆژئاوای اللجە/ بەشی بەنی عومەر | دەستپێکی کار – سوریە ١٩٠٠ جێنوشین ئەکدا مادین- ئەنادۆڵ ١٩٠٨ قائمقام کەهنا- باشووری ئەنادۆڵ ١٩١٠، ١٩١٢ لە سەرکار لا برا. |

| | | |
|---|---|---|
| عومەر بن منصور کەهیە | بەنغازی/ قلوفلی | دەستپێکی کار - بەنغازی<br>قائمقام سیفارک ١٩٠٢<br>قائمقائم ئۆکلاکولا ١٩٠٦<br>سالی ١٩٠٨ پلەی میری میران<br>نوێنەر لە ئەنجومەنی عوسمانی لە سەر بنغازی ١٩٠٩ |
| خلیل بن رفعت بن بهیج عیسی | سوریا/ حۆران | دەستپێکی کار – سوریە ١٩٠٠<br>جێنوشین لە عولا سالی ١٩١١<br>جێنوشین توفەیلە ١٩١١<br>جێنوشین لە فیرانشهر (باشوری ئەنادۆل) ١٩١٢<br>ساڵی ١٩١٢قائیمقامی حەریم و زەیتون<br>قائیمقام لە ممبج ساڵی ١٩١٣ |
| فارس فیاز بن قیس | سوریە/ کارتین/ ئیبن دیس | زانیاری نییە! |
| فەتح بن فەرحان الأطرش | سوریا/ جبل دروز | دەستپێکی کار ١٩٠٠<br>مأمۆر المعیە – سویداء- مێژووی دیار نییە<br>مأمور المعیە – حوزیران ١٩٠٧<br>نوسەر- دیمەشق ١٩٠٩<br>مودیر ناحیە- عینزاد ١٩١٠ |
| یوسف کنعان بن محمد | سوریا/ جبل دروز | زانیاری نییە |
| پۆلی خوێندن بۆ ساڵی خوێندن ١٩٠١<br>سعد الله بن سواد حاجی مبروک | تەرابلسی ڕۆژئاوا/ درنی قلوفلی | دەستپێکی کار - بنغازی ١٩٠١<br>مودیر ناحیە حەسا ١٩٠٧<br>قائیمقام بولدان (باشوری ڕۆژئاوای تورکیا |
| حسان خیری کوڕی عمر بەگ | دیاربکر/ سیفارک | دەستپێکی کار ١٩٠١<br>قائیمقام ئەفنی ١٩٠٩<br>قائیمقام فیزا ١٩١٧<br>قائیمقام پولمەر (ناوەڕاستی تورکیا) ١٩١٩ |
| محمد خەلیفە کوڕی ئەحمەد | بنغازی /بەدر | دەستپێکی کار ١٩٠١<br>ئەندامی دادگای بەرایی -بەنغازی ١٩٠٨<br>قائیمقام ئەلبوکمال ١٩٠٧<br>قائیمقام معموره حەمید ( تەرابولسی ڕۆژئاوا) ١٩١٨ |

| | | |
| --- | --- | --- |
| | | قائیمقام گارزان (باشوری رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ) ١٩١٨<br>قائمیمقام ١٩١٩ |
| عبدالنفیع بن سلیم بک | مەعموره العزیز/ میللی | دەستپێکی کار -معموره العزیز ١٩٠١<br>جێنوشین ئەسکیفسەر (تورکیا) ١٩٠٥<br>جێنوشین ئەلوەجرا (باکوری تورکیا ١٩٠٦ |
| محمد نادر کوڕی محمد سلیم | حیجاز/ مکه (کوڕی قازی) | دەستپێکی کار - حیجاز ١٩٠١<br>نووسەر حیجاز ١٩٠٧-١٩٠٨ |
| عبدالحمن علی کوڕی عبدالهه | یەمەن | دەستپێکی کار – عەسیر ١٩٠١<br>نووسەر – عەسیر ١٩٠٣<br>مامۆستا – حەڕاز ١٩٠٦<br>مامۆستا -حەدیده ١٩٠٧ |
| پۆلی خوێندن بۆ ساڵی ١٩٠٣<br>محمد معین کوڕی سەید مستەفای عبدالقادر | بیروت- عەکار- بەنی فەرعاب | دەستپێکی کار ١٩٠٤<br>قائمقام شیران (باکوری تورکیا) ١٩٠٩<br>قائیمقام- غزه ١٩١٤<br>قائیمقام – ناصره ١٩١٨ |
| محمد مختار کوڕی حاجی محمد کعیر | تەرابلوسی ڕۆژئاوا (کوڕی پارێزگاری تەڕابلوس) | دەستپێکی کار ١٩٠٣<br>مأمور المعیه تەرابلوسی ڕۆژئاوا ١٩٠٤<br>قائمقام غەدامس ١٩٠٨<br>قائیمقام ئەجیلاد ١٩١١<br>ئەندامی پەرلەمانی عوسمانی له سەر شاری تەرابلس ١٩١١ |
| ڕۆستەم بهاءدین کوڕی جەلالی زاد یوسف بەگ | مەعموره العزیز- قەزای بورتغە- عمران | دەستپێکی کار – معموره العزیز ١٩٠٣<br>قائمقام ئۆفاجک (تورکیا) ١٩٠٩ |
| مستەفا ئەدیب کوڕی عوسمان پاشا زاد خدر بەگ | بیروت- عکار- المرعاب | دەستپێکی کار – بیروت ١٩٠٩<br>قائیمقام کاش ( باشوری تورکیا) ١٩٠٨<br>قائیمقام ئولوکەشلا (باشوری تورکیا) ١٩١١<br>قائیمقام هایرا یولو (باکوری تورکیا) ١٩١٢<br>قائیمقام ئیسکلیب (باکوری تورکیا) ١٩١٣ |
| عبدالفتاح کوڕی عابد مەجید شەریف | بیروت- عکار- المرعاب | دەستپێکی کار تەرابلوس شام ١٩٠٤<br>مأمور المعیه – بیروت ١٩٠٥<br>جێنوشین شیران ١٩٠٨<br>جێنوشین ئۆکلاکولا ١٩٠٩<br>جێنوشین ئەهیرا – سویداء ١٩١٠<br>جێنوشین عەقەبه ١٩١١ |

| | | |
|---|---|---|
| | | جێنوشین بەسر حەریر( باشوری رۆژهەڵاتی دیمەشق) ١٩١١<br>جێنوشین عەزرا ١٩١١<br>جێنوشین نەبک ١٩١٢<br>جێنوشین شیروان (باشوری تورکیا) ١٩١٣<br>جێنوشین جیهان (باشوری تورکیا) ١٩١٥ |
| محمد ئەکرەم کوڕی حەسان بەگی شەریف | بیروت- عکار- المرعاب | دەستپێکی کار – تەرابلش شام ١٩٠٤<br>بەڕێوەبەری ناحیەی ئەیاسلو ١٩٠٨<br>قائیمقام ئوفاجک ١٩٠٩<br>قائیمقام مازگرت (ناوەڕاستی تورکیا) ١٩٠٩<br>قائیمقام سوکان ١٩١١<br>قائیمقام سەماوە ١٩١٣<br>قائیمقام دارک (باشوری تورکیا) ١٩١٤<br>قائیمقام کی**kigi** (رۆژهەڵاتی تورکیا) ١٩١٧ |

ئەو بەڵگانەی بەردەستن ئاماژە دەکەن سیستمی پەروەردەی عەشایەری سەرکەوتوو بوو لە پێگەیاندنی دەرچووانی و دامەزراندیان لە هەردوو بواری سەربازی و مەدەنی، هەموو ئەو کەسانەی ڕوویان لە بواری سەربازی کرد پلەی سەرۆک (نقیب) یان زیاتریان بە دەستهێنا، ئەوانەشی لە بواری شارستانییدا پلەو پۆستیان وەرگرت گەیشتن بە حاکمی هەرێمەکان، بە گوێرەی توێژینەوەکەی جانیکا (١٨ کەس لە کۆی ٣١ کەس) پلەی سەرۆکی هەرێمەکانیان بە دەستهێناوە، سەرباری باسکردنی ئەو پلەو پایانە (٢)ک ەس لەو خوێندکارانە پلەی پاشایان بە دەستهێناوە و (٥) کەسیشیان بوون بە ئەندام پەرلەمان.

پرسیارێک لێرەدا سەرهەڵدەدات دەربارەی پشتگیری خوێندکارانی عەشایەرە کە لێکۆڵینەوە لەبارەیەوە سەختە، بەڵگەی بەردەست بە ئاشکرا ئاماژە دەکات کە خوێندکارانی قوتابخانەی عەشایەر پشتگیری تەواوی ئمبراتۆریای عوسمانیان کردووە، توێژینەوەکەی جانیکا بە ئاشکرا دەریدەخات زۆرێک لە دەرچووانی قوتابخانەکە تا کۆتایی دەسەڵاتی عوسمان خزمەتی ئمبراتۆریان کردووە، وەک لە تۆماری دەوڵەتی عوسمانییدا تۆمارکراوە. بەڵکو پشتگیری هەندێک لە خوێندکاران بۆ دەوڵەت تا سەردەمی کۆماری درێژەی کێشاوە بە تایبەت دەرچووانی وڵاتی لیبیا (٣) کەسیان وەزیفەیان لە دەوڵەتی تورکیای کۆماری وەرگرت، مانەوەیان لەو وڵاتەدا پێباشتربوو لە مانەوە لە بندەستی داگیرکەری ئیتالیایی، (نەواف ساڵح) لە کۆتایی ژیانییدا ئەوپەڕی پێزانینی خۆیی بۆ سوڵتان عبدالحمید دەربڕیووە. پیشاندانی ئەم بەڵگانە پێچەوانەیە لەگەڵ بابەتی ئەو خوێندکارانەی پشتیان لە ئەستانە کردوو ڕوویان لە بیرۆکەی نەتەوە پەرستی عەرەب کرد، فایز غەصین (١٨٨٣- ١٩٦٨) قوتابخانەی عەشایەری لە ساڵی ١٨٩٩ تەواوکردووە، لە توێژینەوەکەی جانیکادا تەنها کەسە (خانە)یە لە ئەکادیمیای خزمەتی مەدەنی دەرکراوە، بە گوێرەی گێرانەوەیەکیتر بە شدارینەکردنی لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەران وەک نوێنەری حکوومەت هۆکاری دەرکردنی بووە، دەرکردنی ساڵی ١٩١٢ یان ١٩١٣ بووە، بەڵام ساڵی ١٩١٣ یان ١٩١٤ پەرتوکێکی پەروەردەی نوسیووە بە هیوای گەڕانەوەی بۆ کەرتی حکوومی، کاتێک دەگەڕێتەوە بۆ دیمەشق کاری

پارێزەری لە ئەستۆ دەگرێت، تیکەڵ بە لایەنگرانی بیرۆکەی نەتەوەپەرستانی عارەب دەبێت هاوشێوەی شوکری عەسلی و عبدالوهاب ئینگلیزی، دواتر بڵاویکردەوە کە ڕەدی کردۆتەوە تێکەڵ بەکاری حکوومەت بێت و خزمەتی دەوڵەت بکات، پاشماوەیەکی کەم لە بەشداری کردنی دەوڵەتی عوسمانی لە جەنگی جیهانی یەکەمدا دوو کەس لە کۆمەڵەی نەتەوەپەرستانی عارەب بە نهێنی لە غەصین لێی چوونەتە پێشەوە، لە ماوەیەکی کەمدا گەیشتە پلەی لیژنەی مەرکەزی کۆمەڵە، غەصین بە شێوەی بەڵگەنەویست بەرەی عوسمانیێکانی بەجێهێشت، بانگەشەی بۆ کارەکەی بەشێوەیەک دەکرد و پاساوی بۆ دەهێنایەوە کە وەها کارێک گونجاو بووە بۆ ئەو کەسانەی بێهیوا بوون لە سوڵتان و گشت هێلکەکانیان خستە سەبەتەی سوڵتانەوە دواتر مایە پووچ بوون، لە کۆتایدا ڕوویان لە نەتەوەپەرستی عارەب کرد، بێگومان ئەوکارە دەرەنجامی خوێندن و پیشەکەی غەصین بووە.

قوتابخانەکە نموونەیەکی ئاشکرا و زیندووی ئاستەنگی عەشایەرە لە بەرانبەر حکوومەتدا، لە ڕێگای قوتابخانەکەو خوێندنی حکوومەتەوە پیاوانی هۆزەکان بەهاکانی دەوڵەتیان پیادە دەکرد، ئامانجی دەوڵەت گواستنەوەی بەهاکانیبووە لە ڕێگای دەرچوانی قوتابخانەکەوە بۆ هۆزەکان، کارە کە بریتیبوو ملکەچکردن بۆ قانوون لەڕێگای باوەڕپێکردن و نموونە هێنانەوە پیادەکرا وەختایەک هۆزەکان ڕوو بە ڕووی دەبونەوەو بەرانبەری دەوەستان، لەگەڵئەوەشدا حکومەتی عوسمانی و ئەزموونی قوتابخانەکە نەیانتوانی بۆ ماوەیەکی دوور ئامانجی چاوەڕوانکراو بەدەستبهێنن، بەڵکو دەستکەوتەکانی کەمتر جێگای بایەخبوون، چونکە چەند سەد کورد و عەرەبێک خوێندنی قوتابخانەکەیان تەواوکردوو لە بواری سەربازی و مەدەنییدا پۆست و پلەی ئاست ناوەندیان بەدەستهێنا، بەهیوای دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ سوڵتان، ڕکابەری خوێن و هۆز هەوڵدرا گونجاندنێک لە نێوان پەروەردەو وەزیفەدا پێکبهێنرێت، ئەوکارە پێویستی بە سەپاندنی دەسەڵاتی حکوومەتی ناوەندیبوو لە هەرێمە پەراوێز خراوەکانی کورد و عارەبدا، تەنانەت لەگەڵ ڕووخانی دەوڵەتی عوسمانییدا قوتابخانەکە نوونەیەکی بەرایبوو کە دەوڵەتی مۆدێرن بە نیازە خەڵکانی عەشایەر لە ڕێگای سوپاو حکوومەتەوە تێکەڵ بە دەوڵەت بکات. لە هەرێمەکانیتردا ئەم هەوڵە ڕامیارییە بە سەرکەوتووی جێبەجێکرا.

**زانیاری دەربارەی هەندێک لەو کەسانەی کە لە قوتابخانەی عەشایەر خوێندویانە**

١. نەواف کوڕی صالحی کەرخی، گەورە پیاوی هۆزی حەدیدینە لە نێوان شارەکانی حەماو حەلەبدا نیشتەجێن، گەورەی هۆزەکە لە ئێستادا کوڕەکەی (نووری) یە لە گوندی (البویدر) دادەنیشێت. لە کتێبی عەشایەری شام چاپی ساڵی ١٩٨٣ی ئەحمەد وەصفی لاپەڕەکانی (٥٢٤، ٥٢٥ و ٥٢٧) داهاتووە شێخ صالح ساڵی ١٢٩٧ی کۆچی لە دایکبووە، تا ساڵی ١٩٣٣ لە ژیاندابووە، لە پەرتوکی ناوبراودا بەمشێوەیە ئاماژە بۆ بن و بنەچەی کراوە ، نواف کوڕی صالح کوڕی جەرخ کوڕی ئیبراهیم.

٢. تورکی کوڕی علی شێخی هۆزی (العقیدات) لە کتێبی عەشایەری شام چاپی ساڵی ١٩٨٣ی ئەحمەد وەصفی لاپەڕەکانی (٥٨٣، ٦٣٣) داهاتووە کە شێخی ناوبراو تا ساڵی ١٩٤٢ لە ژیاندا بووە.

٣. برجس کوڕی فرحان کوڕی هدیب، گەورەپیاوی هۆزی عەنزەیە لە کتێبی عەشایەری شام چاپی ١٩٨٣ساڵی ئەحمەد وەصفی لاپەڕەکانی (٤٩٧، ٤٩٨) داهاتووە دوای ژینئاوایی بابی لە ساڵی ١٩٠٦ کاری سەرەک هۆزایەتی گرتۆتە دەست.

٤. محمد کوڕی سطام کو{ی جضعان کوڕی فەندی کوڕی زەید کوڕی کەنعانی تەیار.

سەرچاوە: مدرسة العشائر في أسطنبول
وەهاب حەسیب محەمەد